# جوانییەکانی شوێن لە نمایشی شانۆییدا «کالیگۆلا» وەک نموونە


**کرمانج مصطفی ڕۆوف**
مامۆستا/ پەیمانگای هونەرە جوانەکان هەولێر/بەشی شانۆ
Krmanj1972@gmail.com

**منصور نعمان نجم**
پرۆفیسۆر د. /کۆلێژی هونەرە جوانەکان/ بەشی شانۆ/زانکۆی سەڵاحەدین
dr.mansornuman@gmail.com

**ئیبراهیم یاسین طه**
پرۆفیسۆری ی./ کۆلێژی هونەرە جوانەکان/ بەشی شیوەکاری/زانکۆی سەڵاحەدین
ibrahim-t88@yahoo.com



## پوختە:

توێژینەوەیەکە لەژێر ناونیشانی «جوانیی شوێن لە نمایشی شانۆییدا»یە کە نمایشی شانۆی «کالیگۆلا» وەک نموونەی توێژینەوە وەرگیراوە، هەروەها تاووتوێی چۆنیەتیی بنیادنانی شوێن دەکات و ڕووپێوێکی مێژوویی دەکات لە پێشکەوتنی تەلارسازییانەی شێوەی شانۆ لە ڕووی جوانی لە شارستانییە کۆنەکان و قۆناغە جیاوازەکاندا و دەستنیشانی ئاستەکانی شوێن دەکات کە دەرهێنەر بەپێی دیدگا و تێڕوانینەکانی و بە ڕێگەی جوانییەکانی شانۆوە شوێنی نمایشی و ئاستەکانی دەستنیشان دەکات، هەروەها گۆڕینی شوێنی دەق بە شوێنی نمایش تاووتوێ دەکات، وێڕای ئەوەی گرنگیی شوێن دەستنیشان دەکات لەلای جۆرێک لە دەرهێنەرە دیارەکان کە چۆن بەپێی دیدگا و تێڕوانینیان بە هۆکارەکانی جوانی شانۆی و دەلالەتەکانەوە شوێنی نمایش بنیات دەنێن، توێژینەوە پێوەندیەکانی شوێن بە سینۆگرافیا و ململانێی ڕووداوەکان بەدەر دەخات، ئاکتەر بە هۆکاری تێبینیەکانی دەرهێنەر بەرجەستەی شوێن دەکات بە ڕێگەی جەستە و دەنگ و گۆڕینی جوڵەکانیانەوە، فەزا لەتوانایدایە شوێنی نمایش دروست بکات، ئەگەر شوێنەکە کراوە بێت یان داخراو و بەهای جوانیی شوێن بەرهەم دێت لە ڕێگەی کۆمەڵێک وێنەی ئاوێتەکراو بەیەکترەوە و شوێن وەک بوونەوەرێکی زیندوو و هەستپێکراو لە نمایشدا دەردەکەوێت.


کلیلەوشە:جوانی،شوێن،نمایشی شانۆ.

پێشەکی:

پێکهاتنی دەقی شانۆیی و جوانیی شوێن وەک تەوەری سەرەکیی ڕەگەز و ژانرە جۆراوجۆرە ئەدەبییەکانە، بەڵام لە نمایشی شانۆدا دۆخەکە ئامادەیی و هەژموونێکی زۆرتری هەیە، هەر لە ڕەگەزی هاوتا وهاوپێچ وبەشداریکەری دەقی شانۆیی، هەروەها جوانیی شوێنیش وەک ڕەگەزێکی هاوکات و بەشداریکەر وابەستەی کۆمەڵێک زانیاریی نێو دەقی شانۆیە، بە شێوەیەک ئاستەکانی ڕۆشنبیری و ئەنترۆپۆلۆژیی گەلان و چۆنیەتیی بیرکردنەوە و ئاستی وەرگرتنی چێژ و جوانی و شێوازی ئەو دابونەریتانە لە خۆی دەگرێ کەوا ڕۆژانە ئەنجامیان دەدەن، لە ڕیزبەندیی ڕەگەزەکانی نمایشدا شوێن گرنگی و ڕێژەیەکی زۆر کارلێک و تێکچڕژانی هەیە لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیکەی نمایش.

بەشی یەکەم «چوارچێوەی میتۆدی»

گرفتی توێژینەوە:

دارشتنەوەی شوێن لە نمایشی شانۆییدا، گرنگیی خۆی وەدەست دێنێت لە سرووشتی ئەو لێکدانەوەیەی کە ئاماژەی جوانی بۆ بکات لەلای زۆربەی بینەراندا، هەروەها تێبینیی ئەوەش دەکرێ کە شوێن لە نمایشی شانۆییدا ڕۆڵێکی کارای هەیە، بەڵام مەسەلەکە لەژێر تیشکی ئەوە خراوەتە ڕوو، هەر بە لێڵی و ناڕۆشنی دەمێنێتەوە، جا لەپێناو دیاریکردن و سنووربەندکردنی بابەتەکە، گرفتی توێژینەوە کە ئەم پرسیارە دەخاتە ڕوو: چونیەتیی درووستبوونی جوانیی شوێن لە نمایشی شانۆییدا؟

گرنگی توێژینەوە:

گرنگیی توێژینەوە کە لە چاودێریکردنی شوێندا لە نمایشی شانۆیی و تیشکخستنە لایەنی جوانیی شوێن لە نمایشی شانۆییدا، توێژینەوەکە سوودی بۆ قوتابیانی کۆلێژ، پەیمانگەکانی هونەرە جوانەکان، دەرهێنەران، ئەکتەران و ڕەخنەگران هەیە، هەروەها سوود بەو کەسانەش دەگەیەنێت کە لە بواری شانۆدا کار دەکەن.

ئامانجی توێژینەوە:

بریتییە لە ئاشکراکردنی ئاستەکانی شوێن لە نمایشی شانۆییدا.

سنووری توێژینەوە:

سنووری کات: ٢٠٢٢.

سنووری شوێن: هەرێمی کوردستان / عێراق / هەولێر

سنووری بابەت: پێوەندیی شوێن بە نمایشی شانۆوە.

دیاریکردنی زاراوەکان:

١- جوانی

ئەفلاتوون ئاماژە بە «گونجان و هەماهەنگبوونی نێوان ڕەفتار و هونەر دەدات لە خزمەت و بەرژەوەندیی کۆمەڵگەدا.» (عبدە،١٩٩٩،ص١٥). هەستکردن بە جوانی لە لای ئەرستۆشدا «بە هەردوو هەستەوەری بیستن و بینینە، کە پێی وایە جوانی جیاوازیی یەکیەتیی شتێکە کە لەنێو خۆیدا هەمەچەشنی و جیاوازی لە یەکەیەکی گونجاو و هەماهەنگدا کۆ دەکاتەوە.» (احمد،٢٠١٣،ص١٩). گشت جوانییەکی ماددی دەبیندرێت وەک: گوڵ، تابلۆیەکی وێنەکێشان، بەڵام جوانیی مەعنەوی نابیندرێت، وەک: سرووشتی خودی مرۆڤ.

یەکەمین کەسیش کە زاراوەی ئیستاتیکا ”Aesthaetic ی بەکار هێنا، ئەلسکەندەر بومگارتن بوو کە «جوانیی تەواو عەیاربوونی (الکمال) ڕوونیی چێژە، کەموکورتییەکەی بەرانبەریش ناشرینییە، تەواو عەیاریش ئەگەر ببێتە بابەتێکی زانین و مەعریفەی نایاب، ئەوا بە ڕاست و هەق وەسف دەکرێ، بەڵام ئەگەر لەسەر ڕەفتاردا پێڕەو بکرێ، ئەوا بە خێر و چاکە پێناسە دەکرێ، بەڵام ئەگەر بابەتێکی هەست و سۆزەکانمان بێت، ئەوا دەبێتە جوانی.» (احمد،٢٠١٣،ص٢٣). جوانی لای هیگڵ لە «سرووشتدا تەنیا وەک پیشاندانەوەی جوانیی زهنی بەدیار دەکەوێ.» (احمد،٢٠١٣،ص٢٥). دیڤید هیۆمیش پێی وایە کە جوانی «ڕووخسار یان سیفەت نییە لە شتەکاندا، بەڵکوو لەو ئەقڵەوەیە کە تییڕا دەمێنێ و لێی قووڵ دەبێتەوە، جوانییش ڕێکوپێکی و کارلێکی بەشەکانە، بەشێوەیەک وا دەکات جوانی خۆشی و شادی لە دەرووندا پەخش بکات، هەروەها چێژ و ئازاریش هەمان جوانی و ناشرینی پێک دەهێنن.» (احمد،٢٠١٣،ص٢٤). ئەگەر بەراوردی نێوان زانستی تەقلیدیی جوانناسی و زانستی نوێی جوانناسیدا بکەین، دەبینین کە ”جوانی لە توێژینەوە تەقلیدییەکاندا

لــە هونــەر و سرووشــتەوەیە، بــەڵام بەکارهێنانــی نــوێ سرووشــتی ئەزموونــی ســتاتیکی و جۆرەکانــی گوزارشــتی هونـەری و سـایکۆلۆژیای هونـەر لەخـۆ دەگـرێ، واتـای کـردەی داهێنـان یـان چێـژ وەرگرتـن یانیـش هەردووکیـان بـە یەکـەوە لەخـۆی دەگـرێ." (عبـد الحمیـد، ٢٠٠١،ص٢٣). لەبـەر ئـەوە جوانـی بەشـێکی دانەبـڕاوی پێکهاتـەی نمایشـی شـانۆییە، زمــان و پەیــام و بەردەوامــی و کاریگەرییەکەیەتــی لەســەر کەسـی وەرگـر، ئەمەیـش لـە میانـی هـزر و زانیارییەکانـەوە، جـا ئەگـەر واژەیـی بـن یـان وێنەیـی و جووڵەیـی، بـەو پێیـەی چەنـد ئامـاژە و نیشـانەیەکن کـە بەهایەکانـی جوانـی قـووڵ دەکەنــەوە.

نمایشــی شــانۆیی بــە پەیامێکــی جوانــی دادەنــدرێ بەهەمـان ئـەو ئەندازەیـەی کـە پێکهاتـە تایبەتەکـەی لەمیانـی "بـە ڕاکێشـانی سـەرنجی تایبـەت بـە وەرگـر، یاخـود دەنـگ و وشــە، یــا ڕێکخســتنە تایبەتەکــەی، نــەک شــتێکی دیکــەی دەرەوەی خــۆی" (عبــد الحمیــد، ٢٠٠١،ص٢٣). هەروەهــا کاریگەریــی بەســەر ئــەو وەرگــرەوە دەبێــت کــە تێــی ڕادەمێنێـت و لێـی قـووڵ دەبێتـەوە، لەبـەر ئـەوە "جۆرێکـە لــە بەهــای ئەرێنــی کــە ســەرچاوەی لــەو شــتەوە گرتــووە کـەوا بوونێکـی بابەتییانەمـان لێـی داماڵیـوە، یـان لـە زمانێـک کـەوا پسـپۆڕبوونێکی کەمـتری هەیـە، جوانـی چێژێکـە بـە سـیفەتێکی سـەربەخۆی دەزانیـن" (سـانتیانا،٢٠٠١،ص٩٢). توێـژەر دوو ڕەهەنـد و ئاراسـتەگریی سـەرەکی لـە زانسـتی جواناسـیی شـانۆییدا دەبینێـت، ئەوانیـش پێـوەری و وەسـفین، چونکـە زانسـتی پێوەرییانـەی جوانناسـی خاڵـە دەسـتپێکەکەی بریتییــە لــە دیاریکردنــی چییەتی(الماهیــة)ی شــانۆ.

پێناسەی پیادەکارییانەی جوانی:

بەهایەکـە و لـە میانـی تۆڕێکـی پێوەندیـی نێـو نمایشـی شـانۆییدا سـەر هەڵـدەدات، گشـت جـۆرە نیشـانەیەکیش بـە گشــت جــۆر و شــێوەکانییەوە وەک لایەنێــک دەخاتــە نێــو پرۆسـەکەوە، بێگومـان ئەویـش بـە ئاراسـتەکردنی کـۆی ئـەو بەهایــە ســتاتیکییانەوەیە، هەروەهــا شوێنیشــی تیادابــەدی دەکرێـت وەک بزوێنەرێکـی سـەرەکیی بـۆ لایەنـی سـتاتیکیی نمایشــی شــانۆیی.

٢- شوێن

ئەفڵاتــوون پێــی وایــە کــە شــوێن "پانتاییەکــی ڕەهایــە و شــوێنیش ئــەو مــەودا ســنووربەند و کۆتاییەیــە کــە بــە کۆتایــی تەنەکانــەوە پێوەســتە" (عبیــدی،٢٠١١، ص٢٨). هەروەهـا ئەرسـتۆ پێـی وایـە "شـوێن بوونـی هەیـە لـە بـەر ئـەوەی ئێمـە داگیـری دەکەیـن و تیایـدا دەبیـن، هەروەهـا دەکـرێ درکـی پـێ بکەیـن لـە ڕێگـەی جووڵـەی گواسـتراوە لـە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی دیکـە و بـە تێکچوونـی تەنەکانیـش تێــک ناچێــت" (عبیــدی،٢٠١١، ص٢٨). دەکــرێ شــوێن چەنــدان ســەرقاڵیی دیکــەش لەخــۆ بگــرێ، لەوانــە ئــەوەی پێوەنـدی بـە شـوێنی شـیعرییەوە هەیـە کـە "چەمکـی خـۆی لـە شـوێنی فەلسـەفییانە وەرگرتـووە، هەرچەنـدە بەپێـی زمـان و بونیــادی ڕۆشــنبیری و مەرجەعەکانــی دیکــەی شــاعیرەوە سـەرهەڵدەدات، شـوێنی شـیعرییانە بەپێـی وەسـتاندنی وزەی هێمایـی زیندوویەتیـی شـوێنەوە دادەمەزرێـت و بنیاد دەنـرێ، هەروەهــا ئامــاژە بــەوەش دەکات کــە فــەزای گێڕانەوەیــی بــە ئاماژەکارییەکانــەوە بارگاوییــە، بــە وەســفکردنی شــوێن و فەزایەکـەی، فـەزا بـە وێناندنـی وەک شـتێک کـە چـواردەوری شـوێنی گرتـووە ڕەت ناکاتـەوە" (الدلیمـی،١٩٩٧، ص ٧). بـەڵام شــوێنی هونەرییانــە بــە "کاراکتەرێکــی پتــەو و توندوتــۆڵ دادەنــدرێ، هەروەهــا لــە میانــی شــوێنەکانەوە دەتوانیــت ســایکۆلۆژیای نیشــتەجێیەکان و شــێوازی ژیــان و چۆنییەتیــی مامەڵەکردنیــان بخوێنیتــەوە، واتــا شــوێن ڕوانگــەی مێــژووە" (النصیــر،١٩٨٦، ص١٧).

یــوری لوتمــان پێــی وایــە کــە "شــوێن کۆمەڵێــک شــتی بەیەکـتری گونجـاوی دیـاردە و دۆخـەکان یـان ئـەرک و شـێوە گۆڕاوەکانــە کــە پێوەندییــەک لەنێوانیــان ســەر هەڵــدەدات کــەوا بــە پێوەندییــە بــاوە ئاســاییە شــوێنییەکان دەچێــت، وەک «پێوەنــدی و مەودا»"(لوتمــان،١٩٨٨، ص٦٩). شــوێنیش چەنـدان ڕەهەنـدی دەلالـی هەیـە، هەروەهـا ڕۆچووەتـە نێـو چەنـدان بـوار و کایـەی مەعریفییـەوە، هەروەهـا زاراوەکـە لـە جۆرەهــا بــواری زانســتی و ئەدەبیــدا دۆزراوەتــەوە، هەروەهــا لەلایــەن فەلســەفە و ڕەخنەگرانیشــەوە گرنگیــی پێــدراوە و چەنـدان جـۆرە پێناسـەیان کـردووە کـە (باشـلار) لـە ڕوانگـەی خۆیــەوە دەربــارەی شــوێن و ئاشــنابوون بــە شــوێنە بــاوەکان

نارەزاییی خۆی دژی ئەو بۆچوونە بوونگەراییە دەردەبڕێ کە دەڵێ" ئێمە دەخرێینە نێو جیهانێکی دژەوە، چونکە ئەو پێی وایە کە ئێمە... هەر لە سەرەتاوە دەخرێینە نێو خۆشی و ئاسوودەیی ماڵی سەردەمی منداڵی و بە چەند ڕوخسارێکی ئاشناوە ڕادێین" (باشلار،١٩٨٠، ص ٨). جا ئەگەر بەرەو خەیاڵ بێت ناکرێ وەک شوێنێکی گوێ پێنەدەر بمێنێتەوە کە چەند ڕەهەندێکی ئەندازەییانەی هەیە، وەک شوێن بەشداریکەرە لە دەق و نمایش کە دەکرێنە دوو بەش، ئەوانیش شوێنی دەقی شانۆیی و شوێنی نمایشی شانۆیین.

پێناسەی پیادەکارییانەی شوێن :

شوێن ئەو فەزایەیە کە ڕووداوەکانی نمایشی شانۆیی تیایدا ڕوو دەدەن، جا ئەگەر لەسەر تەختەی شانۆ بێت یان لە شانۆی کراوە شەقام بێت کە هەوڵی گەیشتن بە چێژ جوانی و سوود دەدات، بۆیە بە شوێنی شانۆیی ناودەبرێ چونکە چەق و سەنتەری سەرەکیی بونیادی ئەو نمایشە شانۆییانەیە کە سەرچاوەکانیان دەقی شانۆیین یان بیرۆکەیەکە کە دەرهێنەر بەپێی بۆچوون و ڕوانگە و دیدگای خۆی لە ڕێگەیی ڕەگەزەکانی نمایشی شانۆیی دروستی دەکات.

بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری

تەوەری یەکەم: جوانییەکانی پێشکەوتنی تەلارسازییانەی شێوەی شانۆ

١-شوێنی شانۆیی لە لای گریکیەکاندا:

شارستانییەتی ئەقڵ و فەلسەفە و وەرزش و پاڵەوانیەتییەکان و شانۆ و مێژوو و شیعرو جوانی بوو، هەر ئەمیش بوو خستییە پێگە و پلەی یەکەمەوە، چونکە خواوەندی گریکی هەستی خۆشەویستی و ڕقیان هەبوو، هەروەها پێوەندییە ناباوەکانیشیان لەنێوان خۆیاندا دەبەست، ئەوەی تاکی گریکیش ئەنجامی دەدا، وەها لێک دەدرایەوە کە قەدەرێکی پێشتر بڕیار لەسەر دراوە و خوداوەندان بۆیان هەڵبژاردووە، گریکییەکان هەستێکی بەرزی جوانناسی و بەهرەی ئافراندنی چێژەکانیان هەبوو، ژیانیان لە»کار و ماڵ وشەقام»دا هاوتای موزیک ڕێی دەکرد، ژیانی گریکییەکان پڕاوپڕ و تێروتەسەل بوو، بەوەش دەناسرانەوە کە حەزی پیشاندانی جەستەی خۆیان هەیە لەگەڵ قۆستنەوەی گشت دەرفەتێکی نێو بۆنە و ڕێوڕەسمە ئایینییەکان. کاتێک گریکییەکان بیریان لە بنیادنانی یەکەمین شانۆ کردەوە، لێژایی گردێکیان هەڵبژارد، قووڵایی گردەکەش شوێنی کۆڕس بوو و بە شێوەیەکی بازنەیی بوو بە ناوی «ئۆرکیسترا» دەناسرا، لەنێوەڕاستی ئۆرکیستراوە تەلارێکی بەردین هەبوو کە ئاماژە و هێما بوو بۆ کوشتارگە « المذبح» دیونیسیۆسی خواوەند، بە گریکی پێی دەگوترا « Thymele »، لە نێوەڕاستەکەیدا سەربڕگەیەک هەبوو بۆ پێشکەشکردنی قوربانی، ئەم شوێنە ڕێک شوێنی نواندن بوو، بەمشێوەیە بنیادی شانۆی گریکی بە وەرچەرخاندن و گۆڕینی زەوییەکی سرووشتی بۆ ئەڵقەیەکی بازنەیی دەستی پێ کرد، ئەم شوێنە بازنەییەش بۆ سەماکردن بوو، شوێنە پەیژەییەکانیش بۆ بینەران بوو، لە ساڵی (٤٦٥ پ.ز)دا لە پشت ئۆرکستراوە کولبەیەک «الكوخ» دروست کرا کە پێی دەگوترا «سکینا»، وەک ژووری جل گۆڕین و دەمامکەکان بەکار دەهات، هەروەها نمایەک « الواجهە» وەک دیمەنێک بەکار دەهات. لەم وشەیەوە، وشەی دیمەن وەرگیراوە. دواتر «بریاکۆس» بەدیارکەوت کە بریتییە لە چەند پەردەیەکی خولاوە بۆ گۆڕینی دیمەنی شانۆیی بەپێی جۆری ئەو شانۆییەی نمایش دەکرا، ئەمەیش بۆ دامەزراندن و دروستکردنی شوێنێکی گونجاو بوو بۆ شانۆییەکە. یەکێکیان دیمەنێک بوو کە بۆ تراژیدیا لەبار و گونجاو بوو، ئەوی دیکەش بۆ کۆمیدیا بەکار دەهات، سێیەمیشیان بۆ شانۆیی ئەفسانەیی بوو، لە کاتی نمایشەکاندا سوود لەو دیمەنانە وەردەگیرا وەک ڕەگەزێکی گشتیی ڕاڤەکردنی نواندنەکان و پیشاندانی شوێنی نمایشی شانۆیی لەو کاتدا" (التكريتي،١٩٨٦، ص٣٣٨-٣٣٩).

لە سەرەتادا شانۆ ڕێزلێنانێک بوو لە خواوەند «دیونیزیۆس»ی خواوەندی بەپیت و شەراب و گەشەکردن، بەڵام دواتر چەند شانۆیەکی دیکە دروستکران. « ئۆرکسترا» شوێنی سەما بوو و کەوتبووە نێوەڕاستی شانۆوە، لە نێوەڕاستەکەیدا تەلارێکی بەردین هەبوو، هێما و نیشانەی

سەربڕگەی خواوەند بوو و بە شوێنی تایبەت بە سەما دادەندرا، گرنگترین بەش لە بەشەکانی شانۆی گریکی و کۆنترین بەشەکانی بە ئۆرکسترا وەسف دەکرا کە شێوەی بازنەیی بوو و کۆرسیش تیایدا سەمای دەکرد و گۆرانی دەچڕی، هەروەها ئاکتەرانیش لەمیانی گێڕانی ڕۆڵەکانی خۆیان لەسەری دەوەستان، چێوەی بازنەکەش بەپێی گرنگیی شانۆیەکە دەگۆڕا، بە زۆری لەسەر زەوییەکی هەموار و تەخت بەڕێوەدەچوو کە دواتر مەڕمەڕ ڕێژکرا. لەو بۆنە و ڕێوڕەسمانەدا گریکە کۆنەکان بەبۆنەی ڕنینی هێشووە تریّ لە شەقامەکانی شار و چواردەوری گوندەکاندا ئاهەنگیان دەگێڕا و دڵخۆشیی خۆیان دەردەبڕی و دەڕەقسین" (سرحان،ب ت، ص ص ١٥-١٦).

کۆمەڵگەی گریکی لە شوێنی درامیدا پانتاییەکی دڕککاریی بۆ کرداری وێناکراو و ئەو چەمکە مرۆییە دەدۆزێتەوە کە کردەکانی ڕەفتاریان لەخۆیان گرتووە، چونکە ئەوەی لەنێو شوێنی دەقدا خۆی دەنوێنێ ڕووداوی خواوەند یان نیوە خواوەندە، یانیش کەسێکی ماقووڵە و بن و بناوانەکانی و ڕەفتارەکانی دەیبەنە پێگەی خواوەند، بە دەستنیشانکردن و تەرخانکردنی شوێنەکان بۆ کاراکتەرە سەرەکی و مامناوەندییەکان لە نمایشی شانۆی گریکدا. دەرگەی سەرەکی لە نێوەڕاستدا بۆ هاتووچۆی پاشا و میران و کاهینەکان و پیاوانی دەسەڵاتدار بەکار دەهات، دەرگەی دووەمیش لە دەستە ڕاستدا بۆ هاتووچۆی ئەو ئاکتەرانە بوو کە پێگەیان نزمتر بوو، دەرگەی سێیەمیش لە دەستەچەپدا بۆ ئاکتەرانی مامناوەندی تەرخان کرابوو، لە پشت ئەو دەرگایانەوە چەند پەردەیەک هەبوون کە دیمەنی جۆراوجۆریان لەسەر نەخشێندرابوو، وێنەکانیش بەپێی شوێنەکان و ئەو ڕووداوانەوە بوو کە لە شانۆییەکەدا ڕوویان دەدا، دواتر چەند پەردەیەکی خولاوەیان بۆ شانۆ زیادکرد کە هەر یەکێکیان سێ «نما»ی هەبوو لەسەر چەقەکەدا دەجووڵا و لەپێناو گۆڕینی دیمەنەکان بوو بە کەمترین کات و ماوە و بۆ شانۆییە کۆمیدی و تراژیدییەکانیش بەکار دەهات" (حسن،٢٠١٠، ص١٢).لەلای گریکەکاندا شوینی نمایش بەوە دەناسرێتەوە کە جوانی "شێوە تەلارسازییەکەی و ئەرک و واتادارییەکانی یەکە و ڕەگەزە شوێنییەکانی بە چەسپاوی و نەگۆڕی دەمێننەوە، ئەمەیش واتای ئەوەیە کە کەسانی وەرگر و بینەران زانیارییەکی پێشوەختەی لەسەر شوێنەکەدا هەیە و شتێکی ئاسایی و باوی ئەوتۆیە کە لەنێوان نمایشی شانۆیی و جەماوەردا ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، کەواتە شوێن جێگیر و نەگۆڕ و زاندراو و دیاریکراو و سادەیە، چونکە تەلارسازیی گریکی ئاشنای یاسای ئاڵۆزی و دژبوون نەبووە" (رشید،٢٠١٣، ص ٦٠).

٢-شوێن لە شانۆی ڕۆمانییەکان:

هەموومان دەزانین کە «شانۆی سادە» لە یەکەمین چاخی ڕۆمانیدا سەری هەڵدا، کە بریتی بوو لە تەختەی شانۆ لەسەر شێوەی سەکۆیەکی لوولەیی و لەسەر زەوی بەرزکرابۆوە و لەسەر چەند ستوونێکی دارینی ناجێگیر دروست کرابوو، ئەو ستوونانەش بە پەردە دادەپۆشران، لە هەندێک کاتیشدا پەیژەیەکی جووڵاو بەکار دەهێندرا و لە لای پێشەوە یانیش لە لایەک دادەندرا، هەروەها لەسەر سەکۆیەکە و لە پشت ئاکتەراندا پەردە هەڵدەواسرا بۆ ئەوەی لەبەردەمیدا نواندن بکەن. ئەمجۆرە شانۆییە لە شەقام و شوێنە گشتییەکاندا بەڕێوە دەچوون، جەماوەریش لە چواردەوریان و لە سێ لاوە دەوەستان، هەندێک کاتیش ڕیزە قەنەفەیەکی دارین دادەندرا بۆ ئەوەی جەماوەر لەسەریان دابنیشن، ئەمجۆرە شانۆییە بەوە دەناسرێتەوە کە "دوای نمایش تەختەی شانۆیەکە و قەنەفەکانیش بەرز دەکرانەوە و هەڵدەگیرانەوە و دەبرانە شوێنی دیکە بۆ ئەوەی لەو شوێنانەشدا درێژە بە نمایشی شانۆیی بدەن" (لافر، ب ت، ص٣١). بەو مانایەی کە ئەو جۆرە شانۆیانە ناجێگیر و گەڕۆک بوون و گواستنەوەیان لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە ئاسان بووە، هەر لەبەر ئەوەش بووە بە شانۆی سادە ناوبراوە، چونکە زۆر سادە بووە و هەڵوەشاندنەوە و هەڵگرتنیشی لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە ئاسان بووە ئەم "جۆرە شانۆیانە لە کاتی یەکەم پەیدابوون و سەرهەڵدانیدا واتا لە سەرەتای سەدەی ڕۆمانیدا بە مەبەستی چەند نمایشێکی ئایینی بەکاردەهاتن" (حسن،١٩٦٤، ص٦١).

جۆری دووەمی شانۆیەکانی سەردەمی ڕۆمانیش

«یاریگەکان» بوون، ئەو یاریگەیانەش لە سەروبەندی سەدەی شەشەم و حەوتەمی پێش زایین بنیادنراون، مەبەستیش لێیان پێشکەشکردنی نمایشە وەرزشییەکان بوو، یەکەمجار لە دار دروست دەکران، دواتریش بەبەرد دروست دەکران یاریگەکان بریتی بوون لە "ڕووبەڕیکی شێوە هێلکەیی کە چەند پەیژەیەکی بازنەیی پلەپلەیی بۆ دانیشتنی تەماشاکاران چوار دەوری دابوو، ئەم ڕووبەرە هێلکەییەش بۆ پێشکەشکردنی نمایشە وەرزشییەکان و سوارچاکی و زۆرانبازی بەکاردەهاتن" (حسن،١٩٦٤، ص٦١). هەندێک کاتیش "پڕ ئاو دەکرا بۆ ئەوەی وەک دەریاچەیەک بەکاربهێندرێ کە کەشتییە دەریاییەکان و بەلەمە جەنگییەکانی لێ پیشان دەدرا، هەروەها جەنگی خوێناویش لەنێوان کۆیلە و دیلەکان بەرپا دەبوو کە تەنیا بە مردنی لایەکیان کۆتایی دەهات. لە ساڵی ٣٦٤ی پێش زاینیشدا نواندنی تراژیدی بەدیارکەوت کە لەسەر ئەو یاریگەیانە پێشکەش دەکران و دواتریش لەسەر شانۆیی ئاساییدا پێشکەش دەکران. یەکێک لە بەناوبانگترین ئەو یاریگەیانەش کە ئێستاش شوێنەوارەکەی لە ڕۆمادا ماوە، یاریگەی «کۆلۆزیۆم»ە کە (فیزباشن و نێقۆس)ی تەلارسازی ڕۆمانی بنیادیان ناوە و درێژییەکەی ٦١١ پێیە و پانییەکەشی ٥٠٠ پێیە و جێگەی ٨٧ هەزار بینەر – بە دانیشتنەوە- و ٥١ هەزار بینەر – بەپێوە- دەبێتەوە" (حسن،١٩٦٤، ص٦٢). جۆرە ئەندازەیەکی تەلارسازیی نەخشکاریش هەیە کە پێشتر بوونی نەبووە، ئەویش بە دیزاینکردنی ئەو کەوانانەی کەوا بنیاد و تەلاری شانۆیەکانیانی پێ دەناسرێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە گەورەیی و شکۆی تەلارەکان و نەخشکارییەکانیان لە دەرەوە و ناوەوە دەرکەوێ، بە کورتی کارەکانی ڕۆمان بەرەو نەخشکاری و قەبەکردن دەچوون.

جۆری سێیەمیش «شانۆی ئاساییە» کەوا نمایشی تراژیدی و کۆمیدیی لەسەر پێشکەش کراوە و تایبەت بووە بە نمایشی شانۆیی "یەکەمین شانۆش لە تەنیشت پەرستگەی « ئۆپۆڵۆ»دا لە ساڵی ١٧٩ی پێش زایین دروست کراوە، دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەو شانۆیە لە دار دروست کرابوو و هەندەی پێنەچوو ڕووخا و دووبارە لە ساڵی ١٥٤ی پێش زایین بە بەرد دروست کرایەوە" (حسن،١٩٦٤، ص٦٢). شوێنی شانۆی ڕۆمانیش بە شوێنە گریکییەکانەوە کاریگەر بوو لە زۆربەی دیزاینە شانۆییەکانیاندا، ڕێک وەک گشت کاروبارەکانی دیکەی ژیانیان کەوا کاریگەریی بەسەر ڕۆشنبیریی ڕۆمانییەوە هەبوو، لەبەر ئەوە شوێنەکانی نمایشی شانۆی ڕۆمانی پڕ لە نەخش و نیگار بوو، هەروەها تەلارێکی زەبەلاحیشی هەبوو بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازی و لاسایی نەکردنەوە لە لایەک و باوەڕیشیان وەهابوو کە ئەوان پلە و پێگەیان بەرزترە، ستوونەکان زۆر ببوون ئەمەیش بۆ ئاماژەکردن و دەربڕینی هێز بوو، جا لەبەر ئەوەی لە چەند نهۆمێک پێکهاتبوو، ئەوا گوزارشتی لە پایەبەرزی و شکۆی شانۆ دەکرد هەندێک ئەزموونیش هەبوون کە لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئاماژەی پێ بکەین، ئەویش ئەوەیە کە شێوەیەکی شانۆییانەی تێکچڕژاوی لەگەڵ کردە وەرزشییەکاندا بەخۆیەوە گرتبوو، ئەویش یەکێک بوو لە شوێنەکانی نمایشی ڕۆمانی، ئەویش هەر لە دار دروست کرابوو، دواتریش پێشکەوت و لە بەرد دروستکرا، ئەمجۆرە چۆڵاییە فراوانانە ڕەگی شیمانەکراوی ئەو گەمە و یاریانە بوو کە ئێستا دەکرێن کە زیاتر لە نمایشی جەستەییەوە نزیکن "بۆ نمایشکردن و پێشکەشکردنی نمایشە وەرزشییەکان و سوارچاکی و زۆرانبازی و هەندێک جاریش وەک دەریاچەیەک بەکاردەهاتن و پڕ ئاو دەکران و گەمییە جەنگییەکانیان دەخرایە نێویەوە کەوا کەسانی جەنگاوەریان تیادابوو، دواتریش دژی یەکتری جەنگێکی دەریاییان بەرپا دەکرد و دەبووە جەنگ و هەرایەکی زۆر گەورە" (حسن،١٩٦٤، ص٦١). ئەوەی لە شانۆی ڕۆمانی جێگەی سەرنج و تێڕامانە دروستکردنی هەندێک شوێنی تایبەتە بە گشت جۆر و چینێک لەسەر تەختەی شانۆدا، چونکە"شوێنی بینەران و شوێنی ئاکتەران لەسەر شێوەی تەلارێکی دیاریکراوی بەرز بوو لە بەرزایی دیواری تەختەی شانۆ کەوا بەرزاییەکەی نزیکەی پانزە مەتر دەبوو، ئەو پەرژینەش بنمیچی نەبوو، واتا سەری کراوە بوو و بە نەخش و نیگاری تەلارسازییانە و ئەندازەیی و چەند پەیکەرێک ڕازێندرابوویەوە، هەروەها چەند دەرگە و

دەروازەیەکـی هەبـوو بـۆ هاتنـە ژوورەوەی بینـەران، واتـا ئـەو دوو دەروازەیـــەی پلیکانـــە پلـــەدارەکان و شـــوێنی نواندنیـــان لــە یەکــتری جیــا دەکــردەوە" (حســن،١٩٦٤، ص٦٢). شــوێنی نواندنیــش تەختەکــەی بریتــی بــوو لــە "ســەکۆیەکی درێــژی درێژتــر لـــە تەختـــەی شـــانۆی گریکـــی، بـــەڵام جووڵـــە لـــە لایــەک بــۆ لایەکــی دیکــە ساناتر بــوو لــە جووڵــەی پێشــەوە بـــۆ دواوە، هەروەهـــا لەبـــەردەم دیـــواری دواوەی تەختـــەی شـــانۆدا دەکـــرا" (میلیـــت،١٩٨٦، ص٢٠٥).

٣- شوێنی شانۆیی لە چاخەکانی ناوەڕستدا:

شــوێنی شــانۆیی لــە چاخەکانــی ناوەڕاســتدا بــە کەشــێکی سرووتییانــەی ئایینیــەوە بەدیارکــەوت کــە پێوەندیــی بــە پیاوانــی کەنیســـەوە هەبـــوو، "ئاراســـتەگرتن و ڕووکردنـــە واقعییـــەت لـــە بیرکردنــەوە لەچاخەکانــی نێوەڕاســتدا، بــەردەوام دەبــووە هــۆی «لکاندنـــی ســـیفەتەکانی مـــرۆڤ بـــە داماڵـــراوەکان» چونکـــە وەرگرتنـــی هـــەر بیرۆکەیـــەک وەک شـــتێکی داماڵـــراو و وەک ئــەوەی بوونێکــی ڕاســتەقینەی هەبێــت، ئــەوا هانــی ئەقڵــی دەدا بــۆ وەدەســتهێنانی ئەمــە، نواندنــی هــزر و بیــر بــوو بــە مــرۆڤ، جــا لەمیانــی ئــەو چالاکییــەوە بەهــەرەی بیرکردنــەوەی هزرییانــە یــان خوازەییانــە «الاســتعاری» لەدایکبــوو، مــرۆڤ وێنــای بوونــی چەنــد هێزێکــی نادیــار و شــاراوەی کــرد کــە خۆیـــان لەپشـــت دیـــاردە سرووشـــتییەکاندا حەشـــار داوە" (صلیحـــة،١٩٨٦، ص١٨). شـــانۆی ســـەدەکانی ناوەڕاســـت، بـــە مــاوەی تاریــک نــاسراوە لــە ڕووی مێــژووی شــانۆوە و قۆناغــە مێژووییەکەشــی لــە ســەدەی ســیانزە تــا شــانزەهەمی زاینــی دەستنیشـــان کـــراوە، ئاراســـتە و خولیـــای ئایینـــی بـــووە و بەربەســـتێک بـــووە لەبـــەردەم گشـــت پێشـــکەوتنێکی هـــزری و زانســتی، گشــت خــەم و خولیاکانــی بڵاوکردنــەوەی بیروبــاوەڕی ئایینــی و تۆمەتبارکردنــی کــۆی ئــەو کەســانە بــوو بــە کوفــر کــە ڕەخنەیــان لێــی دەگــرت "یــان دژی ئاراســتە و ڕەوتەکانــی دەبوونــەوە، کەنیســە لــە پێشــکەوتنی زانســتی و ڕۆشــنبیریدا چەنــد مەترســییەکی دەبینــی بــۆ ســەر ئــەو بیروباوەڕانــەی کـــەوا دەیخســـتنە پایـــەی پیـــرۆزی و ناکـــرێ مشـــتومڕ و گفتوگۆیـــان لەســـەر بکـــرێ، توانـــای لێکدانـــەوە و پێڕەوکردنـــی ئــەو بیروڕایانەشــی تەنیــا تایبــەت کردبووبــە پیاوانــی خــۆی" (جلـــوب،١٩٨٧، ص١٩).

دوورکەوتنـــەوە لـــە کەنیســـە، وەهـــای لـــە کەنیســـە کـــرد پیاوانــی ئایینــی هــان بــدات بیــر لــە مەســەلەکە بکەنــەوە و مشـــوورێکی بخـــۆن، لەبـــەر ئـــەوە "ڕێگـــەی لـــە بڵاوکردنـــەوەی کتێبــی پیــرۆز دەگــرت، لــە ترســی ئــەوەی نــەوەک جیهــان بەجۆرێـک لـە ڕێوڕەسـمەکانی تێبگـەن کـە لەگـەڵ ڕەفتـاری پیاوانـــی کەنیســـەدا نەگونجـــێ" (حنـــا، ١٩٧٩، ص١٠١). لەبـــەر ئـــەوە، بەکێشـــکردنی خەڵـــک بـــووە مەســـەلەیەکی ســەرەکی، پیاوانــی کەنیســە ویســتیان هــزری ئایینــی لەمیانــی وەرچەرخانـــدن و گۆڕینـــی ڕێوڕەســـمە ئایینییەکانـــەوە بکەنـــە شـــێوەیەکی هونـــەری کـــە تـــرس بخاتـــە دڵان و جەمـــاوەری لەســـەر ڕابهێنـــن.

شــوێنی شــانویی لــە ســەدەکانی نێوەڕاســتدا کەوتبــووە ژێــر کاریگــەری کەنیســەی، هەروەهــا شــێوەی شــوێنی شــانۆییش خزمەتــی ئــەو کەنیســەیەی دەکــرد کــە زۆر گرنــگ بــوو شــانۆ بخرێتــە خزمەتییــەوە بــۆ ئــەوەی لــە میانییــەوە ڕێوڕەســمە پیرۆزەکانــی بــڵاو بکاتــەوە، جــا لــە قووڵایــی ئــەم دۆخــەدا ئــەدەب بەشــێوەیەکی گشــتی ڕێگەیەکــی نوێــی دۆزییــەوە کــە لەگــەڵ ڕێوڕەســمەکانی کەنیســە و سرووتــە ئایینییەکانیــدا بگونجــێ، ئەمەیــش وەک بناغەیــەک بــوو بــۆ ئــەو نمایشــە شــانۆییانەی پێشکەشــدەکران "خــۆ ئەگــەر نمایشــەکە لەنێــو کەنیســـەدا بووایـــە، ئـــەوا لـــە بابەتەکانـــی کەنیســـە خـــۆی دەگونجانـــد و هەماهەنگییەکیشـــی لەگـــەڵ ئـــەو سیســـتمە باوەڕییــە بەرپــا دەکــرد کــە شــوێن تەرخانــی دەکات و بەمــەش هێـــزی کاریگەریـــی نمایـــش زیاتـــر دەبـــوو" (هلتـــون،٢٠٠٠، ص٤٢). کەنیســە جەختــی لەســەر لایەنــی ڕووحــی دەکــردەوە، وەک ڕزگارکــەری مــرۆڤ و ئــەو ڕووداوانــەی لــە ژیانــدا ڕوو دەدەن، ئەمــە لــە لایــەک، لــە لایەکــی دیکەشــەوە لایەنــی دەروونـــی بـــە ئامانـــج گیرابـــوو کـــەوا لـــە خەڵکـــی بـــکات بکەونــە دۆخــی تۆقینێکــی گــەورە لــە هەنبــەر ئــەو شــتانەی کــە لــە ژیانــی دوواییــدا ڕووبــەڕووی دەبنــەوە. لەبــەر ئــەوە، چیرۆکــە هەڵبژێــردراو و هــەرە باشــەکانی کتێبــی پیــرۆز پشــتیان بــە هــەر چیرۆکێکــی دیکــەی دەرەوە دەبەســت کــە لەگــەڵ تۆقینــی ئــەو شــوێنەدا بگونجــێ کــەوا ئــەو نمایشــانەیان تیــادا پێشــکەش دەکــرێ. شــێوەی تەلارســازییانەی شــوێنی شــانۆیی لەنێــو کەنیســەکاندا بریتــی بــوو لــە "ســەکۆیەکی بــەرزی

شێوە دیاریکراو کە دیواری دواوەی بە چەند ستوونێکی هەمەچەشن گۆڕدرابوو و لە چەند شوێنێک دانرابوون، هەندێک لەو ستوونانە سێگۆشە و هەندێکیشیان شێوەیان نارێک بوو" (ملیكه،١٩٨١،ص٢٧). هەروەها پێکهێنانی شوێن لە کەنیسەدا و بەرزترکردنەوەی "کاریگەریی درامی بۆ کرداری شانۆیی جا ئەگەر بەهۆی تیشکی مۆم و چرایە زەیتییەکانەوە بووبێت یانیش بەهۆی ئەو تیشکە سرووشتییەی لە دەرەوەڕا و لە شووشە ڕەنگاوڕەنگەکان و پەنجەرەکانەوە دەهاتە ژوورێ، بۆ دروستکردنی کەشێکی جیاوازی نابا بوو کە وەها لە جەماوەری نێو کەنیسە بکات ملکەچ بن و خەریکی بیرکردنەوەی قووڵ و تێڕامان بن. هەر ئەمەیش بوو کە پێکهاتەی ناوەوەی تەلارسازیی کەنیسە هەوڵی وەدیهێنانی دەدا، جا لەپێناو دوورکەوتنەوە لە جیهانی دەرەوە و ئاراستەکردنی سەرنجی جەماوەر بەرەو ناوەوە، دەبووایە شوێنەکە بە تیشکێکی دەستکرد ڕووناک بکرێتەوە کە تیشکی سرووشتییانەی دەرەوە نەبێت" (رشید، ٢٠١٣، ل ٤٩) کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر وەرگر دەکرد.

٤- شوێنی شانۆیی لە سەدەکانی بوژانەوەدا:

شوێنی شانۆیی لە سەدەکانی بوژانەوە دا، لە ئیتاڵیا و لەنێو کۆشک و تەلاری میراندا پێکهات، چونکە ئەو میرانە پاڵپشتیی گشت هونەرێکیان دەکرد و وەک ئامرازێک بۆ گواستنەوەی هزرەکانیان بەکاریان دەهێنا، شوێنی شانۆییش بە گشت لایەنە ئیستاتیکییەکانی وەک گونجان و هەماهەنگی نێوان هێڵەکانی دیزاین و خاڵە سەرەکی و لاوەکییەکانی ئەو ڕەنگانەی لەنێو ئەو هێڵ و پانتاییانەوە پێک دێن و خۆشگوزەرانی و جۆریی کەرەستە خاوە بەکارهاتووەکان لە جێبەجێکردنی مادەی دیکۆردا مەسەلەیەکی بەرچاو بوو، چونکە ئەو دیمەنەی خۆزای شانۆیی پێک دەهێنێ، ئەو شوێنەش کە ڕووداوە دراميیەکانی تیادا ڕوو دەدات، جا ئەگەر ئەو شوێنانە هەمەچەشنیش بن وەک هۆڵی ماڵ یان باخچە و سەر کەشتی یان سەر مانگ، چونکە "پشتبەستنەکە بەند بوو بە وێنەکێشانی دیمەنەکان لە میانی چەند تابلۆیەکی کێشراو بۆ خولقاندنی جۆرێک لە ئاماژەکاری بە شوێنی ڕووداوە شانۆییەکان، هەروەها وردە وردە پشتیان بە ئاماژەی واژەیی دەبەست بۆ دیاریکردنی شوێنی ڕووداو، ڕێک لەو کاتەی ئاماژە ئایکۆنییەکە دەستی بە فراوانکردنی خۆی کردووە" (رشید، ٢٠١٣، ل ٧٢). جا لەبەر ئەوەی دیمەنی شانۆیی ئەو کەشەیە کەوا پێشکەشکردنی نمایشی شانۆیی لەباوەش دەگرێ لە ڕووی شوێنییەوە، ئەوا دەبێ لە ڕووی شێوەوە شتێکی تایبەت بێت و هەست و سۆزەکانی کەسی وەرگر بجوولێنێ بە مەبەستی وروژاندنی ئەو وێنەیەی گوزارشتی لێ دەکات "کۆرتیلبل، شوێنێکی گونجاو بوو بۆ فیستیڤاڵ و داوەتکاری و بۆنەکانی دیکەی سەرگەرمی" (كارلسون،٢٠١٠،ص٧١). شێوەی تەلارسازیی شانۆی ئیتاڵی پێک دێت لە "تەختەی شانۆ و هۆڵ کە بریتییە لە سندووقێک لە لایەکیدا بە ڕووی جەماوەردا دەکرێتەوە، لایەکەی دیکەش بە ڕووی جیهانە پەردەییەکانەوە دەکرێتەوە، لایەکی دیکەشی زۆرجار بە چەند تابلۆیەکی تایبەت بە جیهانی خەیاڵی و وەهمیی ڕازێندراوەتەوە، لەنێوان تەختە و هۆڵەکەشدا چەند بەربەستێکی ماددی هەن کە بریتین لە چوارچێوەیەکی زەردی زێڕینی کەوا پەردەیەکی سوور دایدەپۆشی و وێنەی سنووری نێوان وەرگر و ئاکتەر دەکێشێ" (العامري، ٢٠٠٦، ص ٦٠). دوای ئەو ماوەیە چەند تیپێکی شانۆیی سەریان هەڵدا و درێژبوونەوە بۆ نێو زۆرینەی خەڵکی گشتی، چاخی ڕێنسانس چەندان دەستکەوتی هونەری هەبوو کە بەشداربوو لە پێشکەوتنی شوێنی نمایشی شانۆیی، یەکێک لەو دەستکەوتانە دۆزینەوەی ڕوانگە «المنظور»لەبەر ئەوە، کەسانی نێو ئەو بوارە گرنگییان "بەو پێشکەوتنە نوێیە دا و زانستی ڕوانگەش بەشداربوو لە پێشخستنی نمایشی شانۆیی، بەتایبەتیش بەخشینی جوانییەک بەو شوێنەی دیمەنە کێشراو و دروستکراوەکانی شانۆیی ڕازاندوویانەتەوە و جۆرە فێڵێکی چاو لەلای کەسی وەرگردا دروست دەکەن و گوزارشت لە قووڵی و بۆشایی و مەودایەکی ناڕاست دەکەن کەوا لە وەرگر دەکات باوەڕ بە شتە ناڕاستەکە بهێنێ ئەمەیش بەشێکی گرنگی ئەو هەژموونەیە کە ئەو کات سەپێندراوە" (عبدالوهاب،١٩٨٧،ل ١٦٦). شوێنی نمایشی شانۆیی زۆربەجوانی ئاوێتەی بیرۆکەی سەردەمەکەی بوو.

تــەوەری دووەم: شــوێن لــە دیــدگای هەندێــک لــە دەرهێنــەرە جیهانییــەكان:

١- فیسفۆڵد مایرهۆڵد

گرنگتریــن ئــەو شــتانەی (مایرهۆڵــد) پێیــان گەیشــت و پوختــی كردنــەوە لــە شــانۆ مەرجییەكەیــدا ئــەوە بــوو كــە "ئاكتــەر ڕزگار بــكات لــەو «دیمەنــە» تەقلیــدی و واقعییانــە بــۆ ئــەوەی بۆشــاییەكی ســێ ڕەهەنــدی پــێ ببەخشــێ، پلاســتیكی پەیكەرتاشییانە بخاتــە خزمەتییــەوە، جگــە لەمانەیــش داپۆشــینی ڕووناكییەكانــی پێشــەوە تەختــەی شــانۆی هێنایــە ئاســتی هــۆڵ.. لــە شــانۆی مەرجیــدا بینــەر ناچــار دەبێــت داهێنانــی وێنــەی ئــەو ئاماژەكارییانــە تــەواو بــكات كــەوا تەختــەی شــانۆ پێشكەشــیان دەكات، (مایرهۆڵــد) دەڵــێ: وشــەكان بــۆ بیســتنن، بــەڵام پلاســتیكا لەپێنــاو چــاوە، بەمشــێوەیە خەیاڵــی «بینــەر» لەژێــر گوشــاری دوو كاریگەریــی بینیــن و بیســتندا كار دەكات" (یوســف، ٢٠٠١، ص ١٨٤-١٨٣). بەمشــێوەیە جووڵــەی پلاســتیكی فــراوەژۆ «الكامــل» دەبێــت و شــوێنیش شــێوەیەكی جیــاواز وەردەگــرێ، چ لــە ڕووی ســتاتیكییەوە چ لــە ڕووی هزرییــەوە. كەدەرهێنــەری شــانۆی مەرجــی، ئەركــی خــۆی دەكاتــە ئاراســتەكردنی ئاكتــەر نــەک بەڕێوەبردنــی تیاشــیدا شــیمانەی بوونــی خولقێنــەری چــوارەم دەكات، دوای نووســەر و دەرهێنــەر و ئاكتــەر، ئــەم خولقێنەریــش بینــەرە، تەمــای ئەوەشــی هەیــە بتوانــێ جوانــی و ڕێكیــی هێــڵ وەدەســت بێنــێ و كۆمەڵــەكان و جلوبەرگیــش پێكبێنــێ، هەروەهــا كاركــردی ئاكتــەر ملكەچــی ڕیتــم و واژە و جووڵــە بــكات و خــەون بــە زیندووبوونــەوەی ســەماوە ببینــێ، ئاكتەریــش بــەرەو بەشــدارییەكی زینــدوو بــكات لــە كــرداردا" (مایرهۆڵــد،١٩٧٩،ص٨٥ - ٨٧). جگــە لــە پێكهێنانــی شــوێن بــە جەســتەی خــۆی و خولقاندنــی پێكهاتــەی جەســتەیی كــە هاوتــا و هاوتەریــب لەگــەڵ شــێوە ئەندازییەكانــی نێــو فــەزای نمایــش دەڕوات، (مایرهۆڵــد) كاری دەرهێنــەر بــە بنەمــا دەگرێــت، جەختكردنــەوە لەســەر جووڵــە بــۆ ئــەوەی ببێتــە بنەمــای ســەرەكی لــە كــردەی دەرهێنانــدا، حەزەكانــی دەرهێنــەری بەســتاوەتەوە بــەو شــتانەی لەســەر تەختــەی شــانۆدا پێشكەشــیان دەكات، هەروەهــا پێكهێنانــی شــوێنیش پشــت بــە تەكنیكەكانــی ئاكتــەر و ڕووناكــی دەبەســتێ بەپێــی پلانــی دەرهێنــەر، وەلەســەر دەرهێنــەر پێویســتە شــارەزاییەكی تــەواوی هەبێــت لــە بــواری دیمەنــە تایبەتــەكان و تواناییەكانــی ڕووناكــی و هێــز و وزەكــەی بــۆ دارشــتنی نمایــش لەپێنــاو ئــەوەی چەنــد لەمحەیەكــی ســتاتیكی بخولقێنــێ كــە ئاكتــەر لــە كاتــی كاركــردی خۆیــدا پشــتیان پــێ ببەســتێ، ئاكتــەر لــە شــانۆی (مایــر هۆڵــد) دا ڕەگەزێكــی ســەرەكییە، گرنگیــی كــۆی شــتەكانی دەوروبــەری خــۆی لــە پاڵپشــتیكردن و كاریگەرییەكــەی لــە ئاكتــەر دەبینێتــەوە، بــە شــێوەیەک گشــت ئامــرازەكان لــە خزمەتــی ئاكتــەردا دەبــن. لەگــەڵ ئەمەیشــدا، وای بەپێویســت زانیوەكــە دیمــەن گوزارشــتكار بێــت و ئامــاژە بــە شــتێک بــدات، چونكــە بەكارهێنانــی دیمەنــە گوزارشــتكارەكان لەجیــات واقعییــەت، لەوانەیــە پــاڵ بــە بینــەرەوە بنــێ بــە ئاراســتەی بەشــدارییەكی داهێنەرانــە لــە نمایشــدا، خــۆ ئەگــەر پێچەوانــەی ئەمــەش بــوو، ئەوســا ناتوانــرێ توانــا داهێنەرەكانیــان بجووڵێنــدرێ، هەروەهــا "دەكــرێ دیمــەن تــا دوا ئاســت كــەم بكرێتــەوە، بــۆ ئــەوەی هــەر بەشــێک لــە بەشــەكانی یەكلاكــەرەوە و هێمایەكــی گرنــگ بــن، بــۆ ئــەوەی لــە دەرهێنانــی كارەكــەدا بــە كاراییــەوە كار بــكات، بەمەیــش دەبێتــە بەشــێک لــە پێوەندیــی نێــوان كاراكتەرەكانــی شــانۆیی، (مایرهۆڵــد) هەوڵــی داوە پشــت بــە پێكهێنانــی فــەزای جیــاواز ببەســتێ لــە میانــی شــكاندنی دیــواری چــوارەم" (بلیزایتــون،١٩٩٧، ص ص٧٨-٧٩). (مایــر هۆڵــد) ئاســۆیەكی دیكــەی كــردەوە ئەویــش بــە كەمكردنــەوەی جەســتەی مادیــی شــوێنی نمایشــی شــانۆیی، پشــتی بــە پێكهێنانــی جەســتەی شــیمانەیی شــوێن بەســت، ئەویــش لەمیانــی جەســتەی ئاكتــەران و دەنــگ و جووڵەكانــەوە، ئەمەیــش وای كــرد دەســەڵاتی نمایــش هەژمووندارتربێــت و كاریگەرییەكــەی قووڵــتر بێــت و لــە ڕووی جوانییــەوە تێروتەســەلتر بێــت.

٢-ئەنتوان ئارتۆ

فــەزای شــاعیرییانە و سرووتییــە هاوبەشــەكان كــەوا ئاكتــەر و بینــەر بەیەكــەوە كۆدەكاتــەوە و دەبێتــە ئاكتەرێكــی دیكــە، دوای سەرســوڕماندنی بــە ڕووداوە توندوتیــژ و هێدمــەدارەكان كــە تــا ئاســتی بەركەوتــن لــە گشــت لایەنێكــەوە لێــی نزیــک دەبێتــەوە و ناچــاری دەكات بەشــداری لــە پێكهێنانــی فــەزای نمایشــی ئاهەنگیــی سرووتــی بــكات، بــۆ ئــەوەی

ببێتـە ڕەگەزێکـی تـەواوکار و تێـوەگلاو لـە نمایشـی شـانۆیی، لەمبارەیـەوە (جـاک دریدا)پێـی وایـە کـە "هـەر لەگـەڵ ئـەوەی بینـەر لـە شـانۆی تووندوتیژیـدا لـە نێوەڕاسـتەوە بـە نمایـش چـواردەوری تەنـراوە، ئـەوا مـەودای بینیـن و نیـگا وەک جـاران بێگـەرد و بێخـەوش نابێـت، هەروەهـا ناشـتوانێ لـە کـۆی نێوەنـد و کەشـی هەسـتی خـۆی دابماڵـێ و بینـەری بەشـدار ناتوانـێ بەتەنیـا نمایشـە تایبەتەکـەی خـۆی پێـک بهێنـێ و بیکاتـە بابەتێکـی دیکـە، ئیـدی نـە بینـەر و نـە نمایـش بوونـی هەیـە" (دریـدا، ٢٠٠٠، ص٩٣). لەنێـو ئـەو کەشـە سرووتییـە تۆقێنـەرە هەژموونـدارە بەسـەر بینـەر لـە گشـت لایەنێکـی شـوێنی شـانۆیی، هیـچ ڕێگەیەکـی هەڵاتـن یـان کەللەبەرێـک ناهێڵێتـەوە تەنیـا بەشـداریکردن نەبێـت، هەروەهـا ناچـاری دەکات بەشـێوەیەکی ئازادانـە ئاوێتـەی دۆخەکـە بێـت، لەبـەر ئـەوە (ئارتـۆ) داوای پێشکەشـکردنی "نمایشـی خـولاوەی کـردووە کـە بـاڵ بەسـەر هەسـتی بینـەردا دەکێشـێ لـە گشـت لایەکـەوە، وا لـە شـانۆ و هـۆڵ دەکات دوو جیهانـی داخـراو نەبـن کـە هیـچ پێوەندییەکیـان نەبێـت، بەڵکـوو جیهانێکـە تەقینـەوە بینایـی و بیسـتنییەکانی بەسـەر گشـت بینەرانـدا بـڵاو دەکاتـەوە." (آرتـو،١٩٧٣، ص٧٦). (ئارتـۆ) لـە نمایشـی شـانۆیی خۆیـدا درزێکـی خسـتووەتە بنیـادی کارلێکیـی ئـەو شـانۆیەی کـە لەنێـوان ڕووداو و جەمـاوەردا لەمیانـی ئاکتـەردا دێتـە گـۆڕێ، هەروەهـا پەیداکردنـی تەلارێکـی جیـاوازی شـانۆیی کردووەتـە شـتێکی حەتمـی کـە لەگـەڵ پێوەندییـە وابەسـتییە نوێیەکانـدا بگونجـێ، چونکـە هـۆڵ و تەختـەی شـانۆی تەقلیـدی ناتوانـن پێداویسـتی و داواکارییـە نوێیـەکان بهێننـەدی، لەبـەر ئـەوە، (ئارتـۆ) لەمبارەیـەوە دەڵـێ "هـۆڵ و تەختـەی شـانۆی تەقلیـدی ڕەت دەکەینـەوە و بـە یـەک شـوێن دەیگۆڕینـەوە، شـوێنێکی بـێ بەربەسـت، کـە هـەر ئـەو شـوێنە دەبێتـە گۆڕەپانـی ڕووداوەکان، هەروەهـا پێوەندیـی ڕاسـتەوخۆی نێـوان بینـەر و نمایـش بنیـاد دەنێینـەوە، چونکـە ئـەو بینـەرەی خراوەتـە جەرگـەی ڕووداوەکان، هـەر بـەو ڕووداوانـە چـوار دەوری تەنـراوە و پێیـان کاریگـەر دەبێـت، ئـەم دۆخـەی بینـەر لـە ئەنجامـی شـێوەی (هـۆڵ)ەوە دروسـت بـووە". (آرتـو،١٩٧٣، ص٨٥) (ئارتـۆ) لـە نێوەڕۆکـی ڕاگەیەنـدراوی یەکەمیـدا دەڵـێ "واز لـە هۆڵەکانـی ئێسـتا دەهێنیـن، بـەرەو کۆگـە و تەویلـەی وڵاغـان دەچیـن و سـەرلەنوێ و بەپێـی ئـەو شـێواز و نۆرمانـە بنیادیـان دەنێینـەوە کـە بوونەتـە هـۆی دامەزراندنـی هەندێـک کەنیسـە و شـوێنی پیـرۆز، لەنێـو ئـەم تەلارانـەدا کار لەسـەر بەرزایـی و قووڵایـی دەکەیـن، هۆڵەکـە بـە چـوار دیـوار دەورە دراوە کـە هیـچ جوانـکاری و ڕازاندنەوەیەکـی لـێ بـەدی ناکـرێ، جەماوەریـش لەنێوەڕاسـتی هۆڵەکـەدا لەسـەر کورسـیی جـووڵاو دادەنیشـن، ئـەم کورسـییە جووڵاوانـە دەرفەتـی بـۆ دەڕەخسـێنن چاودێریـی ئـەو نمایشـە بـکات کـە لـە چواردەوریـدا بەڕێـوە دەچـێ" (آرتـو،١٩٧٣، ص). شـوێنەکە بەپێـی ڕووداوەکانـی شـانۆیەکەی بنیـاد دەنـرێ.

٣- برتۆڵد برێخت

ئەزموونـی شـانۆییی (برتۆڵـد برێخـت) جەختـی لەسـەر ئاراسـتەی شـانۆی هاوچـەرخ دەکـردەوە کـە بـە شـانۆی داسـتانی نـاسراوە، هەروەهـا ئـەو ئاراسـتەیە بـە نامۆبـوون دەناسرێتـەوە "چونکـە دەبـێ ئیهامـی واقیـع تێکبشـکێندرێ بـۆ ئـەوەی بینـەر بوونـی سـەربەخۆیانەی خـۆی لـە ڕووداوەکان بپارێـزێ، واتـا هەسـت بـکات بەشـێک نییـە لـە ڕووداوە درامییـەکان و تواناداركردنیەتـی بـە ڕەخنەگرتنێکـی بێلایەنانـە، جـا بـۆ ئـەوەی ئەمـە بێتـەدی، ئـەوا شـانۆی داسـتانی چەنـد هۆکارێـک بەکاردێنـێ وەک حیکایەتخـوان و کـۆرس و شریتـی سـینەمایی و ڕووناکـی « بەبـێ ڕەنـگ- تویـژەر» بـۆ ئـەوەی بینـەر لـە ڕووداوی درامـی بـە دوور بێـت، ئەمەیـش پێـی دەگوتـرێ نامۆبـوون" (جـرای،٢٠١٤،ص٥). (برێخـت) لـە میانـی کارکردنیـدا جەختـی لـە سـەر ئەدایـی ئاکتـەر کردۆتـەوە کـە پێویسـتە "لـە شـانۆی داسـتانیدا... سـەربەخۆیی ئـەو کاراکتـەر بپارێـزی کـەوا دەینوێنـێ.. دەتوانیـن بڵێیـن هەڵوێسـتی ئاکتـەر دەبـێ بـەردەوام هەڵوێسـتێکی هۆشـیارانە و ئەقڵییانـە و نمایشـییانە بێـت" (جـرای،٢٠١٤،ص٦). (برێخـت) لـەو بنەمـا و ڕێبـازەی پەیـڕەوی کـردووە و لـە تیۆرییەکەیـدا بناغەڕێژیـی بـۆ کـردووە، نـەک هـەر بەتەنیـا داوای ئـەوەی کـردووە ئاکتـەر بـاوەڕ بـە ڕەگەزەکانـی بیردۆزەکـەی بهێنـێ و خـۆی ڕادەسـتی بـکات، بەڵکـوو لـە هەمـان کاتـدا هەندێـک برگـەی داناوە کـە دەسـتی دەرهێنـەر دەگرێـت و دەیگەیەنێتـە کەنـاری ئارامـی و تیایـدا چیرۆکەکـە بـۆ بینـەران دەگێڕێتـەوە، ئەمـەش ئـەو

کارەیـە کـە لـە کاتـی دەرهێنانـی شـانۆگەرییەکەی دەیـکات، چونکـە ئـەوەی واقیعـی سـەر تەختـەی شـانۆ دەیسـەپێنێ، لەژێـر فەرمـان و هەژموونـی خۆیدایـە، ئەمەیـش بـۆ بەرجەسـتەکردن و زەقکردنـەوەی ئـەو پرسـەیە کـە لەسـەری پێویسـتە لەمیانـی هەڵێنانـی مەتەڵەکانـی دەق و تێگەیشـتن لـە نووسـەر و توێژینـەوە لـە سـەردەمی خـودی نووسـەرەکە، دیـاری بـکات، دەرهێنـەر پابەنـدی نووسـەر نابێـت، چونکـە شـێوازێک هەڵدەبژێـرێ کـە لەگـەڵ سـەردەمەکەی خۆیـدا بگونجـێ، ئەمەیـش دەچێتـە خزمەتـی گێڕانـەوەی ڕووداو لـە کاتـی پابەندنەبـوون بـەو شـتانەی نووسـەر لـە میانـی دەقـەوە بڕیـاری لەسـەر داوە، بـە کورتـی دەرهێنـەر پیرۆزیـی دەق تێکدەشـکێنێت و زۆربـەی جاریـش ڕێگـەی پـێ نـەدراوە کـە دەسـت بـۆ ئـەم لایەنـە ببـات ئەمەیـش هەنـگاوی یەکەمـە لـە زانسـتی شـانۆدا، چونکـە بیرکردنـەوەی ئـازاد لـە لایەنەکانـی دەق لـە بازنـەی بیرکردنـەوەی تایبـەت بـە نووسـەر دەردەهێنـێ، (برێخـت) سـەکۆی جێگیـر و چەسـپاو ڕەت دەکاتـە و لەنمایشـەکانی "دەبـێ لـە هـەر نمایشـێکی شـانۆییدا سـەکۆیەکی نـوێ بنیـاد بنێـن کـە لەگـەڵ سرووشـتی ئـەو ئەرکـەدا بگونجـێ کـە تیمـی کارەکـە بەشـێوەیەکی گشـتی هەوڵـی وەدیهێنانـی دەدەن، کەواتـە شـتێکی جێگیـر و چەسپاو نییـە و گشـت شـتێک دەبـێ سرووشـێک ببەخشـێت و هێـمادار و ئامانجـدار و گـۆڕاو بێـت، ئـەو هۆکارانـەش کـە کار بـۆ سـەرکەوتنی ئەرکـی دیزاینـەری سـەکۆ دەکـەن، چۆنییەتیـی وێنەکێشـان و کاریگەریـی دوولایەنەیـە لـە سـەکۆیەکە و ئاکتەرانـدا و ڕەنگدانـەوەی لەسـەر دیزایـن و پێوەندیـی دیکـۆر وەک نێوەندێکـی ئیسـتاتیکی وابەسـتە بـە گشـت نێوەنـدە ئیسـتاتیکییەکانی دیکـەوە" (دسـە، ٢٠١٤، ص ٨١).کەواتـە شـوێن لای (برێخـت) ناجێگیـرە بـەردەوام لەگۆڕاندایـە، جەختـی لەسـەر چەنـد لایەنێکـی دیکـەش کردووەتـەوە وەک سـینۆگرافیا، ئـەم لایەنـەش دەچێتـە خزمەتـی کاری شـانۆیی داسـتانی، لەبـەر ئـەوە، ئامـرازە تەکنیکییـەکان بـە زۆری گشـتین، ئەمەیـش بـۆ ئەوەیـە پـاڵ بـە جەمـاوەر نەنێـت ئاوێتـەی کارە هونەرییەکـە بـبن، لـە هەمـان کاتیشـدا بـۆ بەئاگاهێنانەوەیانـە، هەروەهـا دیـواری چوارەمـی نەهێشـتووە. شـوێنیی نمایشیشـی لەبـەردەم چـاوی جەمـاوەردا ئـاوەڵا کـردووە تەنانـەت پێـش دەسـتپێکردنی نمایشـیش، هۆشـیاریی هزرییانـەی برێخـت، هانـی داوە دووبـارە هەڵوێسـتە سـتاتیکییەکەی دابڕێژێتـەوە، چونکـە نمایشـی شـانۆیی شـوێنی پێکدادانـی نێـوان ڕاسـتی و سـاختە دروسـت دەکات.

٤- جیرزی کرۆتۆفسکی

لـە زنجیـرە بەدوایەکداهاتـووەکان لـە تیۆرەکانـی (کرۆتۆفسـکی)دا، مامەڵەکردنـی لەگـەڵ کەسـی وەرگـر مامەڵەکردنێکـی بەشـدارییپێکەرانەی مەبەسـتدار بـووە بـۆ هانـدان و لایەنـە چەقبەسـتووە شـاراوەکانی چونکـە "هێـرش دەکاتـە سـەر هێڵەکانـی بەرگریـی بینـەران و ناچاریـان دەکات بەشـدارییەکی ئەرێنییانـەی هەبێـت" (دسـە، ٢٠١٤، ص ٨١). لـە نمایشـی شـانۆیدا پێوەندییەکـی قـووڵ و پتـەوە دروسـت لەنێـوان وەرگـرو نمایشـکاراندا هەیـە، چونکـە بەشـداریی ڕاسـتەوخۆ لەلایـەن وەرگـری نمایشـی شـانۆیی، لەوانەیـە نمایشـەکە بباتـە دۆخـی چەنـد کۆتاییەکـی پێشـبینی نەکـراو وە دەرئەنجامـی باشـی دەبێـت، "هەروەهـا گرنگـی بـەو شـوێنانە داوە کـەوا ڕووداوەکانیـان لـێ ڕوودەدات، لەگـەڵ گرنگیـدان بـە پێکهاتـە ناوەکییەکـەی شـوێن و جەختیشـی لەسـەر یەکییەتیـی نێـوان ئاکتـەر و وەرگـردا کردووەتـەوە، بـۆ نموونـە: وەرگـر لەسـەر شـێوەی دوو نیـوە کەوانـەی لەیەکـتری دابـڕاو چـواردەوری ئاکتـەران دەگـرن، ئاکتەرانیـش زۆر بـە ئاسـانی دەتوانـن بەهـۆی پردەکانـی تەختـەی شـانۆ کـە بەنێـو ڕیـزی کورسـییەکاندا درێـژ دەبنـەوە، بەخێرایـی دەتوانـن جووڵـە بکـەن و شـوێنیان بگـۆڕن، یـان هۆڵێکـی بەتاڵـی نمایـش بەکاردەهێنـدرێ، بینـەران لـەو ڕیزانـە دادەنیشـن کـە بـە دیـوارەوە نووسـاون، شـانۆش هیـچ جـۆرە دیکۆرێکـی تیـادا نییـە. ڕووناکیـش تەنیـا مـۆم و پرۆجەکتـەرە و هیچـی تـر." (دسـە، ٢٠١٤، ص ٨٨).

(کرۆتۆفسـکی) زۆر سەرسـەختانە جەختـی لەسـەر ئاسـتەکانی ئـەو شـوێنە کردووەتـەوە کـە پشـتی بـە وزەی تەکنیکییانـەی ئاکتـەر بەسـتووە، بەشـێوەیەک تەکنیکـی دیکـۆڕی ڕەتکردووەتـەوە، بـەڵام شـوێنی فـەزای شـانۆی ڕەت نەکردۆتـەوە کـە ئامادەییەکـی ڕوون پێـک دەهێنـێ لەژێـر تیشـکی جەختکردنـەوەی بـەردەوام ئەمـەش لـە ڕێگـەی "وەسـفکردنی ئاکتـەرەوە کـە کرۆکـی نمایشـەکەیە، چونکـە

ئاکتــەر وەک هێزێکــی جووڵێنــەری نمایشــەکانی وەهــان، لەبــەر ئــەوە ئاکتــەران ناچــار دەکات لەمیانــی دەنگیانــەوە شــوێنەکان بەرجەســتە بکــەن، لەمەشــدا ئــەوەی کردووەتــە مــەرج کــە نــەک هەردەبــێ دەنگــی ئاکتــەر بــە ڕوونــی بگاتــە بینــەر، بەڵکــوو دەبــێ وەک دەنگێکــی بەرجەســتە ڕۆبچێتــە نێــو وەرگــرەوە، هەروەهــا دووپاتیشــی دەکاتــەوە کــە دەبــێ ئاکتــەر دەمامکێــک بــە ئەندامــی ماســوولکەکانی ڕووخســاری بــۆ خــۆی دابهێنــێ" (دلیمــی،١٩٩٧،ل٨٣). شــوێنی نمایــش بــۆ (کرۆتۆفســکی) لــە نێــو پانتایــی کــراوەدا هۆکارێکــی یارمەتیــدەرە و تەواوکــەری ســتایلە شــانۆییەکەی بــوو، چونکــە "ســڕینەوەی ســنوورەکان و لادانــی ســەکۆ یــان تەختــەی شــانۆ و کۆتاییهێنــان بــە مــەودای نێــوان ئاکتــەر و بینــەر بەتەواوەتــی، جــا ئەگــەر بینــەر لــە دووری یــەک قــۆڵ لــە ئاکتــەرەوە دوور بێــت، ئــەم مەودایــەش زۆر کورتــە، چونکــە داوای ئــەوەش دەکات کــە بینــەر بتوانــێ بۆنــی ئارەقــەی ئاکتــەر بــکات و هەروەهــا هەســت بــە هەناســەکانی بــکات لــەو کاتــەی دەجووڵێــت و خــۆی دەبزێــوێ، هەروەهــا توونددوتیژتریــن دیمەنیــش زیانــی نییــە ئەگــەر ڕووبــەڕوو لەبــەردەم بینەرانــدا ڕوو بــدات" (کروتــوو سکي، د - ت،ص٤٠). دەکــرێ ڕوانگــە و گۆشــەنیگای نمایــش واتــای دەق لــە میانــی خــودی دەرهێنــەرەوە بەدیاربکــەوێ و ببینــدرێ، مانــای ئەوەیــە کــە وێناندنــی تایبــەت بــە شــوێن بنیادییانــە نییــە، بەڵکــوو واژەییــە، چونکــە هێماکانــی جەســتە ئاکتــەر ســاتی زۆر قــووڵ و گەرموگوڕیــی نمایشــن، بناغــە و بنەمایــە، شــوێن تەنیــا وەک خەیــاڵ بۆکــراو و واژەیــی وەک چەنــد ســەکۆ و کورســییەک ماوتــەوە و هیچــی دیکــە، وەک بڵێــی چەنــد شــوێنێکی میتافیزیکــی ڕادەکێشــێتە جیهانــی هەنووکەیــی کــە لــە ڕێگــەی جەســتە و دەنگــی ئاکتــەرەوە درکــی پــێ دەکــرێ.

٥- پیتەر بروک

(بــروک) هــەوڵ و کۆششــێکی زۆری هەبــووە بــۆ ئــەوەی نمایشــێک دابڕێژێــت کــە زمانەکــەی چێــژ بەخشــتر بێــت، زمانەکــەش داهێنــدراو بێــت، بەشــێواز و نۆڕمێکــی جووڵەییانــەی ئەوتــۆ ڕەفتــاری لەگــەڵ ئاکتــەردا کــردووە، کــە گوزارشــت لــە زمانــە نوێیەکــەی بــکات کــە کەرەستەکانیشــی لەمبارەیــەوە جەســتەیەکی گوزارشــتکارە لــە کــرداری درامــی "ئەدایــی جووڵەییانــەی ئاکتــەر کــە بــە ئەدایــی تێگەیشــتنی وردی کەســی ســاحیر دەچێــت، وادەکات شــتە ئاســاییە بەردەســت و فەراهەمکــراوەکان لــە شــانۆی بروکــدا چەنــد فەزایەکــبن، کــە وابەســتەیی لەنێــوان ئاکتــەر و ڕەگەزەکانــی تەکنیکــی شــانۆیی فەزایــەک دروســت دەکات کــەوا هێــما و ئامــاژەی بــۆ دەکات" (کونســل،١٩٩٨،ص٢٢٨). لــە جووڵــە و دەنــگ و ئــەو پێکهاتووانــەی لەســەر تەختــەی شــانۆدا پێــک دێــن "هیــچ جــۆرە ڕەگەزێکــی شــانۆیی تیــادا نەبــوو، چونکــە وەرگــر لــە مافــی تێگەیشــتن لــە ڕەوتــی تــەواوی کاری شــانۆیی بێبــەش دەکات، ئەمەیــش لــە میانــی ئامــرازی تەقلیدیــدا دێتــەدێ، لەبــەر ئــەوە، پشــت بــەو وشــانە دەبەســتێ کــە ئاکتــەر پێشکەشــیان دەکات، لەگــەڵ ئــەو ڕووداو و جلوبەرگــەوە لەپێنــاو تێگەیشــتن لــە کاری شــانۆیی" (کونســل،١٩٩٨،ص٢٢٠). (بــروک) بــەو جووڵانــە جەختــی لەســەر گەڕانــەوەی ڕابــردوو کردووەتــەوە کــە ســەرتاپاگیرترن بــۆ گەیشــتن بەوەرگــر و نــاوەوە داخراوەکــەی، (بروک)لــە مامەڵەکردنــی لەگــەڵ دیزاینــەری دیمەنــەکان فــەزا «المجــاز»و پەراوێزخســتنی بینیــوە لەهەنبــەر ئــەو ڕەگــەزەی کــە بــە گرنــگ و ســەرەکی دادەنــدرێ لــە هەندێــک قوتابخانــەی دیکــەی شــانۆییدا، چونکــە "شــوێنی جــوان ناتوانــێ ســەرچاوە و کانیــاوی ژیــان بتەقێنێتــەوە، بەڵکــوو هــەر هۆڵێــک دەبێتــە شــوێنێکی فــرە باشــی کۆبوونــەوە ئەمەیــش نهێنیــی شــانۆیە، لــە تێگەیشــتنی ئــەم نهێنییەشــدا تاکــە ئەگــەری ڕێکخســتنی بــە شــێوەیەکی زانســتی، خــۆی حەشــار داوە" (بــروک،١٩٨٣، ص٦٧). هەروەهــا دەڵــێ "دەتوانــم هــەر شــوێنێکی بەتــاڵ بــەکار بهێنــم و نــاوی لــێ بنێــم شــانۆی ڕووت" (بــروک،١٩٨٣، ص٩). بــرۆک ئەزموونــە شــانۆییەکەی بەســەر چــوار ئاراســتەدا دابــەش دەکات ئەوانیش"١-شــانۆی کوشــندە. ٢-شــانۆی پیــرۆز. ٣- شــانۆی توونددوتیــژ. ٤. شــانۆی ئێســتا" (بــروک،١٩٨٣، ص٩). لەبــەر ئــەوە پانتایــی شــوێنێکی ڕووت و بەتاڵــە، پەنجــەرەی (بــروک) بــۆ ئــەوەی ئەودیــو و میتافیزیــکا بکاتــە بەشــێک لــە هەســتی، بەمەیــش شــوێن لــە نمایشــدا شــکۆی خــۆی لــە دەســت نــەداوە، بەڵکــوو لەنێــو دەنــگ و قاڵبــە دەنگییــەکان و زمانــە مردووەکانــدا خــۆی حەشــار داوە، بــۆ ئــەوەی شــوێنی نائامــادەی قووڵایــی کاتــە دێرینــەکان بەرجەســتە

بكاتــەوە و بیهێنێتــە بەرچــاوان، هەروەهــا ئامادەییــە جــوان و سەرنجراكێشــەكەی لــە نمایشــی شــانۆییدا وەک ئەوەیــە وەهایــە گوزارشــت لــە چالاككردنــەوەی شــوێنی بــەرز و نــزم دەكات.

ئاماژەكانی چوارچێوەی تیۆری:

١- شــوێنی جــوولاو هەیــە كــە دەرهێنــەر جارێكــی تــر بــۆ نمایــش رێكیاندەخاتــەوە بــە شــێوەیەک كــە ســیمایەكی تــازەی پێدەبەخشــێ.

٢- فــەزا لــە توانایدایــە جوانیــی شــوێنی نمایــش دروســت بــكات ئەگــەر شــوێنەكە كــراوە بێــت یاخــود داخــراو.

٣- شــوێن و دەلالەتــی جوانــی ئاوێتــە دەبــن لــە نمایشــی شــانۆیی بــە پێــی دیــدگای دەرهێنــەر.

٤- ئاكتەربــە هــۆكاری تێبینیەكانــی دەرهێنــەر بەرجەســتەی جوانیــی شــوێن دەكات بــە رێگــەی جەســتەو دەنــگ گۆڕیــن وجوڵەكانیانــەوە.

٥- دەرهێنــەر بــە دیــدگا كانیــەوە شــوێنی نمایــش بنیــات دەنــێ، كــە جیــاوازە لــە شــوێنی دەق.

٦- بەهایــی جوانیــی شــوێن بەرهــەم دێــت لــە رێگەیــی كۆمەڵێــک وێنــەی ئاوێتەكــراو بەیەكــترەوە.

<u>بەشی سێهەم: رێكارەكانی توێژینەوە</u>

كۆمەڵگایــی تووێژێنــەوە: توێژینــە وەكــە نمایشــی شــانۆی» كالیگــولا «یــە لــە نووســینی «ئەلبێــر كامــۆ» لەدەرهێنانی»ئەلێكساندركۆڤشــۆن»،ە كــە وەک نموونــەی توێژینەوەكــە وەرگیــراوە، كــە لــە حەوتەمیــن فێســتیڤاڵی نێۆدەوڵەتــی هەولێــر بــۆ شــانۆ لــە رێكەوتــی ٢٠٢٢/١١/١٦ لەهۆڵــی میدیــا لــە شــاری هەولێــر نمایــش كــرا كــە مــاوەی نمایشــەكە ٩٤ خولــەک بــوو.

رێگەی توێژینەوە:

مێتودی توێژینەوە : وەسفی شیكارییە.

كەرستەی توێژینەوە:

ئامرازەكانــی توێژینــەوە دەرهاوێشــتەكانی چوارچێــوەی میتۆدیــن.

بیرۆكەی دەقی شانۆگەری كالیگۆلا

ئــەم دەقــە یەكــەم دەقــی شــانۆیی ئەلبیركامۆیــە، لەســاڵی ١٩٣٨ نووســویەتی،ئەم دەقــە لــە چواربــەش پێــک دێــت پــاش ئــەوەی كتێبــی «دوازدە قەیســەری» خوێنــدەوە، كــە ئــەم كتێبــە مێژوونووســی ڕۆمانــی «ســیوتونێوس» نووســویەتی،ئەلبیركامۆ لــەم دەقــەدا كاراكتــەری كالیگــۆلای هەڵبــژاردوە كــە ســێیەمین قەیســــەری ڕۆمــــا بــــووە، لەتەمەنــــی ٢٥ ســــاڵیداو ســــاڵی ٣٧زاینیــەوە بــووە بــە ئیمپراتۆریەتــی «رۆمــا» كــە بــۆ مــاوەی چــوار ســاڵ لەســەر تەخــت ماوەتــەوە، دوایــی بــە پیلانێــک لەلایــەن پیاوانــی كۆشــک كــوژرا، كەواتــە بەســەرهاتی ئــەم دەقــە شــانۆییە بەســەرهاتیكی مێژووییــە، چونكــە زۆربــەی پاڵەوانەكانــی لــە مێــژوو وەرگرتــوە.

مــردن وەک ڕووداو دەســتپێكی دەقــی شــانۆیەكەیە كە«دروزیلایــا» هــەم خوشــک وهــەم دۆســتی «كاڵیگولا»یــە، دەمرێــت و دەبێتــە كارەســاتێكی گــەورە بــۆ «كالیگــۆلا» تراژیدیــای دەقەكــەی لێدروســت دەبێــت، مردنی»دروزیلایــا» دەبێــت بــە هێــما بــۆ ئــەو ڕاســتیەیەی كــە ژیــان مــادام مردنــی تیایــە بێهودەیــە، ئــەوەی لــە بێهودەیــی ڕزگاریبــكات دەســت بەســەرداگرتنی مەحاڵــە كــە ئەویــش مانگــە، هەروەكــو خــۆی دەڵێــت خەڵكــی دەمــرن و بەختەوەریــش نیــن، بــەڵام دەســتگرتن بــە مانــگ یــان مەحــاڵ ڕەنگــە ڕووی زەوی بگۆڕێــت و نەهێڵێــت خەڵكــی چیــتر بمــرن و لــە ژیــان بەختــەوەر بــن، بۆیــە بەپێــی ئــەو مەنتیقــە بێهودەییــەی خــۆی هەڵوێســت و ڕەوشــتێكی مێتافیزیكــی وەردەگرێــت، بۆیــە «كالیگــۆلا» هەرچیەكــی بووێــت و ئــارەزووی لەچــی بێــت، بەوپــەڕی سەربەســتیەوە دەیــكات تادەگاتــە ڕادەی شــێتبوون و لــە پێنــاو مانــەوەی خــۆی نزیكتریــن كەســانی دەوروپشــتی دەكوژێــت، وە «كالیگــۆلا» لــە كۆتاییــدا ئــەوە ئاشــكرا دەكات هەمــوو ئــەو شــتانەی كــە كردوویەتــی هەڵەبــوون، بۆیــە دەڵێــت: ئــەو ڕێگەیــەم نەگرتــە بــەر كەپێویســت بــوو بیگرمــە بــەر، بۆیــە نەگەیشــتم بــە هیــچ، سەربەســتیش شــتێكی مەحاڵــە، لــە كۆتاییــدا بــە دەســتی پیاوانــی كۆشــک دەكوژرێــت و بــە ســەركردایەتی «شــیریا».

دەقی نمایشی كالیگۆلا

نمایشــەكە لەیــەک دیمــەن پێــک دێــت كــە ئەمــەش ئــەوە دەســەڵمێنێت، كــە دەرهێنــەر بەپێــی دیــدگاو بۆچوونــی خــۆی دەقــی نمایــش دروســت دەكات و بــە ئاوێتەكردنــی كەرستەكانی جوانــی و دەلالەتەكانــی نمایشــی شــانۆیی، لەســەرەتادا ئــەوەی

بینەر هەستی پێدەکات و دەیبینێت فەزای نمایشە، لەنێو ئەم فەزایەش شوێنێک دەستنیشان دەکات کە دەلالەتی شێتخانەیەکی مەترسیدار دەگەیێنێ،زۆرجاریش هەست دەکرا کە بەندینخانەیەکە هەموو مرۆڤایەتی بەندی هەتا هەتاین و دەربازبوونی نییە، کە «کالیگۆلا» دەیکات بەشوێنی گەمە ترسناکەکان و ڕووداوو ململانێیە میتافیزییەکان تیادا ڕوودەدەن، سینۆگرافیا شوێنی نمایش دروست دەکات کە بریتین لە کاتژمێرێکی هەڵواسراوی وەستاو کە ئەم وەستانی کاتژمێرەش واتای وەستانی زەمەنە لە نمایش، بەڵام زەمەن لەلای وەرگر بەردەوامە، ئاماژەیە بۆ مانگ بەڵام هەر هەوڵێک کە «کالیگۆڵا» دەیدات بۆ دەست بەسەر داگرتنی، دەرهێنەر بە هۆی دەنگێکی کارلێکەری میوزیک و شۆرتێکی کارەبایی مەترسیدار دروست دەکات و»کالیگۆلا «لە هەوڵەکانی مایە پووچ دەکات،سیسەمێکی نەخۆشخانە بەدی دەکرێت لە چەقی شوێن کە ئەم کەرستەیەش بە شێوەیەکی ئەندازەیی لاکێشە دروست کراوە کە لە کاتی بەکارهێنانی دەلالەتەکانی دەگۆڕدرێن وەک بوون بە تابووتی «درۆزیلایا» و خۆ حەشاردان و پەناگە بۆ تەنیاییەکانی «کالیگۆلا»،وە بوون بە مێزی نانخواردن و دەگۆڕدرێت بۆ شوێنی گوتاردانی «کالیگۆلا»، دەبێت بەندیناخەنە و شوێنی ئازاردانی جەستەیی و ڕۆحی کەسایەتیەکانی تری نێو نمایش، زۆر کاتیش شوێنێکە بۆهێورکردنەوەی «کالیگۆلا» بە پێدانی دەرزی مۆرفین. جل و بەرگ هەمان نیشانەی ئایکۆنین کە دکتۆری سەردەم دەیپۆشن کە ڕەنگەکەی شینە، زۆرجاریش ئاکتەران جل دەپوشن کە خەت خەتن وخەتەکانیش لەسەرەوە تا خوارەوە دێن، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ دیلی عەقڵی و جەستەی  کارەکتەران و میکیاج و شێوەی قژیان ئاماژە بە شوێنی نەخۆشخانەی دەروونی دەکات کە دەبێتە هۆی دڵە ڕاوکێ بەسەرکەشی نمایش،وە دەرهێنەر هەوڵی ئەوە دەدات کە دوو شوێن لە نمایش دەستنیشان بکات و سنووربەندیان بکات بە دۆشەکی نەخۆشخانە، هەروەها دۆشەکەکان بە ئیسفەنج دروستکراون کە ئەمیش مادەیەکی نەرمە بە ئاسانی شێوەی دەگۆردرێت و دەبێتە نەرمی دیوارەکان، کە زۆرجار ئاکتەران لە کەلێنی دۆشەکەکان شوێنەکانیان دەگۆڕن، کە ئەمەش دەلالەتی ئەوە دەگەیەنێ کە هیچ شوێنێک لەم جیهانەدا سنووری نییە، هەر سنووریکیش هەبێت زۆر بە ئاسانی دەبڕدرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە گوتاری شانۆکە بە جیهانی بکرێت، فەزای نمایش فەزایەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووریە کە لە کۆی پرۆژەکان شکستیان هێناوە، هەروەها شوێن دژی کەسایەتیەکانە، بۆیە هەر کاتێک کەسایەتیەکان لە شوێنی ناوەوە دەچنە شوێنی دەرەوە، بە ناچاری دەگەڕێنەوە شوێنی ناوەوەی نمایش، کەواتە دەربازبوون نییە لە جیهان تەنیا بە مردن نەبی، گەر لە دەرەوە قەدەر بتکوژێ لە شوێنی ناوەوەش کالیگۆلا قەدەرە، واتە شوێنی ناوەوەو و دەرەوە دژە بۆ کە سایەتییەکان، هەرچەندە «کالیگۆلا» بەدوای شوێنیکی میتافیزیکیە هەوڵدەدات بگات بە «درۆزیلایا»  کاتێک ئەم هەوڵە دەدات خۆی ڕووت دەکاتەوە بە ڕاکردنێکی شێتانە و سوڕانەوە پشکنینێکی وردی شوێنەکە دەکات جا بازێک دەدات بۆ شوێنی دەرەوە، بەڵام لە دواییدا هەوڵەکەی پووچە. دووبارە دیتەوە شوێنی ناوەوە، لێرەدا لە ڕێگەی پاڵەوانەوە شوێن دەگۆڕێن و شوێن یاری بە پاڵەوان دەکات، دواتر هەوڵی ئەوەش دەدات کە ڕەگەزی خۆی بگۆڕێت لە پیاوەوە بۆ ئافرەت تاوەکو توانای ئەوانیش تاقی بکاتەوە بۆ گەیشتن بە شوێنێک کە ئارامبەخش بێت لەمەشیان بێسوود دەبێت. فەزای مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە نمایش بە ڕێگەی موزیک و کاریگەریە دەنگییەکان و ڕووناکی و تیشک و ڕەنگ دەردەکەون، کاتێک کەسایەتیەکانی تر بەجووڵەی سواربوون لەناو عارەبانیەکی ئەسپدان و بە پۆشاکی بریقەدارو پۆشاکی گەدایی، بەئاوێتەبوون لەگەڵ حیلەی ئەسپ و دەنگی تایەی عارەبانە دەردەکەون، لێرەدا پۆشاک دەبێتە ئاماژە بۆچینایەتی لە نێو کۆمەڵگاو ئەسپ وعارەبانەش فەزایەکی مێژوویی فەراهەم دەکەن، وەهەروەها ئاستەکانی شوێن لە نمایش بە گوێرەی ڕووداوەکان دەگۆڕدرێن، بۆیە شوێن لە نمایشدا ناجێگیرە و بەردەوام لە گۆڕاندایە، دەرهێنەر زیرەکانە شوێنی نمایش دابەش دەکات و کۆیان دەکاتەوە لەیەک فەزا و دیدگا و دەسەڵاتەکانی جوانی

هونـــەری و هـــزری و دەلالـــی دەخۆڵقێنێـــت، ڕووداوەكانـــی ڕابـردوو ئێسـتاو داهاتـوو لـە فـەزای نەخۆشـخانەیەكی شـێتان دەكاتـە شـوێنی نمایـش كـە ئەمـەش جیایـە لەشـوێنی دەق، دەرهێنــەر توانیبــووی دووبــارە كەســایەتییەكان دابڕێژێتــەوەو كاری دراماتۆرگــی بــكات بــە تایبەتــی لــە كەمكردنــەوەی كارەكتــەرەكان، و گەیاندنـی بیرۆكـەی نمایـش بـە شـێوەیەكی دروسـت، لـە شـوێنی نمایـش ئـەوە بەدیدەكـرا كـە وەرگـر هەسـت بـكات لـە هۆڵـی نەشـتەرگەریەكی مەترسـیدار دایـە، یـان لـە مەحكەمەیەكـە دەستنیشـانی ئاینـدەی مرۆڤایەتـی دەكات، بەتایبەتـی لـە گفتوگۆكانـی نێـوان «كالیگـۆلا و شـیریا و سـیپون» كـە كەسـایەتی «شـیریا» بۆخـۆی نیشـانەیەكە بـۆ بیركردنـەوەی مەنتقـی و كەسـایەتی سـیپونیش نیشـانەیە بـۆ بیركردنـەوەی خەیاڵاویـی و شـاعیرانە، بۆیـە بـەردەوام كالیگـۆلا گفتگـۆی دیالكتانـەو جدییەكانـی لەگـەڵ ئـەم دووانەیـە.

ئاكتــەر لــە نمایشــدا بەهــۆكاری جەســتەییەوە چەندیــن شــوێن دەستنیشــان دەكــەن، جەســتەش لــەم نمایشــە بــە داگیركـراوی دەمێنێتـەوە، كاتێـك كـە جەسـە ئـازاد دەبێـت لــە ڕێگــەی ســەماوە دەبێــت، ئەمــەش لەكۆتایــی نمایــش بەدەردەكەوێـت كاتێـك «كالیگـۆلا» بـە دەسـتی «شـیریا» دەكوژرێـت، جلەكانیـان فـڕێ ئـەدەن بـەدەم سـەماكردنەوە، شــوێن لــە نمایــش وەك پاڵــەوان بەدەردەكەوێــت، چونكــە دوای نەمانــی كالیگــۆلا شــوێنەكە بــە نارێكــی دەمێنێتــەوە زەمینەیەكـە بـۆ لـە دایكبوونـی كالیگۆلایەكـی تـر. دەرهێنــەر لـەم نمایشـە هەوڵێكـی زۆریدابـوو بـۆ گەیاندنـی دیدگاكانـی لـە ڕێگـەی شـوێنی نمایـش و جوانـی دەلالەتەكانـەوە، بـەڵام نەیتوانـی لـە گوتـاری دەقەكـە دەربچێـت، چونكـە بـە هەمـان شێوەی دەقەكـە «كالیگـۆلا» لـە دەسـتپێكدا بـە هـۆكاری مردنـی «درۆزیلایـا»ی خوشـك و خۆشەویسـتی ڕووداوەكان ڕوودەدەن، لـە كۆتاییـش بەدەسـت «شـیریاو»ە دەكوژرێـت و لـە ئاوێنـە بـەدەر دەكەوێـت و دەڵێـت كالیگـۆلا هێشـتا زینـدووی، لـە دەقــی نمایشیشــدا هەمــان دیالــۆگ دووبارەیە،كــە هەمــان دەســتەواژە دەگەیەنــێ.

دەرئەنجام:

١- دەرهێنــەر بەپــێ دیــدگاو تێڕوانینەكانــی و بەڕێگــەی جوانییــەوە شــوێنی نمایشــی و ئاســتەكانی دەســت نیشــان دەكات.

جوانیــی شــوێنی نــاوەوەی دەرەوەی هاوســەنگ بــوون كــە ڕووداوەكانــی نمایشــیان بــەرەو پێــش دەبــرد.

٣ - ئاكتــەرەكان بەهــۆی جووڵــەی جەســتەو ئارایشــت و شــێوەی قژیــان توانیــان جێگۆڕكــێ بــە شــوێن بكــەن.

٤- شـوێن جـوڵاو بـوو لـە نمایـش لـە ڕێگـەی بەكارهێنانـی موزیـك و كارتێكـەرە دەنگیـەكان بـۆ مەبەسـتی بەدیارخسـتنی شـوێنە جیـاوازەكان.

٥- جوانــی و دەلالەتــی فــەزا ڕۆڵێكــی كاریگەریــان هەبــوو بــۆ دروســتكرنی شــوێنی نمایــش.

٦- شــوێن گەورەتــر لــە پاڵــەوان بەدەركــەوت بــەردەوام دژی خواســتەكانیان بــوو.

پێشنیارەكان:

١. شــوێن هێــما و ئاماژەیەكــە بــۆ بەدیارخســتنی فــەزای نمایشــی شــانۆیی.

٢. شــوێن پانتاییەكــە لــە فــەزای كــراوە یــان داخــراو یــان نمایشــكردنی شــانۆیی لــە شــوێنە شــوێنەوارییەكان و ئەزموونییــەكان.

٣. شــوێن بریتیــە لــە تەختــەی شــانۆ كــە بــە شــانۆی ئیتالــی نــاسراوە یــان شــانۆی بازنەیــی یــان شــانۆی ســاڵۆن.

٤. شــوێن لــە میانــی دەقــی شــانۆییدا ئامــاژەی پــێ كــراوە بــەڵام بیروبۆچــوون و خەیاڵــی دەرهێنــەر دەتوانێــت گۆڕانـــكاری بەســـەر شـــوێندا بهێنێـــت لەســـەر بنەمایەكـــی فیكـــری و هونـــەری و ئیســـتاتیكی.

لیستی سەرچاوەکان

احمد،عـزت السـيد. (٢٠١٣)، الجـمال وعلـم الجمال.عمان:حـدوس واشراقـات،ط٢.

آرتو،انتونـان. (١٩٧٣)، المـسرح وقرينـه، تـر سـامية أسـعد،القاهرة: دار النهضـة العربيـة.

باشلار،جاسـتون. (١٩٨٠)، جماليـات المـكان، تـر: غالـب هلسـا، بغـداد: دار الجاحـظ.

بروك،بيـتر. (١٩٨٣)، المـكان الخالي،تـر: سـامي عبـد الحميد،بغـداد: مطبعـة جامعـة بغـداد.

بليزايتـون، كاتريـن. (١٩٩٧)، مـسرح مايرخولـد وبريخـت، تـر: فايـز قـزق، دمشـق: منشـورات وزارة الثقافة السـورية.

التكريتي،جميـل نصيـف. (١٩٨٦)، قـراءات وتأمـلات في المـسرح الإغريقي، بغـداد: دار الحريـة للطباعة.

جراى،رونالـد.(٢٠١٤)، بريخـت رجـل المـسرح، ط ١، تـر: نسـيم مجلى،القاهـرة: المركزالقومـي للترجمـة.

جلـوب، فرحـان محمـد.(١٩٨٧)، بيئـة الفكـر الفلسـفي الحديـث، مشروع قـراءة لفكـر عـصر النهضـة، الموصل: مطابـع جامعـة الموصل.

حسـن، إلهامـي.(١٩٦٤)، المسـارح المتنقلـه، مجلـة المـسرح، القاهـرة: العـدد (الثامـن).

حسـن،نياز لطيـف.(٢٠١٠)، أشـكالية السـنوغرافيا في العـرض المسرحـي الكـردى، رسـالة ماجسـتير،جامعة صـلاح الديـن.

حنا، جورج. (١٩٧٩)، قصة الإنسان، ط٦، بيروت: دار العلم للملايين.

دريـدا، جـاك. (٢٠٠٠)، الكتابـة والاختـلاف، تـر كاظـم جهـاد،ط٢، الدارالبيضـاء: دار توبقـال للنـشر.

دسـه، نـادر عبداللـه.(٢٠١٤)، الاخـراج المسرحـي، عـمان: دار الاعصـار العلمـي للنـشر والتوزيـع.

الدليمـي، منصـور نعـمان. (١٩٩٧)، المـكان فـى النـص المسرحـى العراقـى، أطروحـة دكتـوراه، بغـداد: جامعـة بغـداد، غـير منشـور.

رشـيد، كريـم. (٢٠١٣)، جماليـات المـكان فـى العـرض المسرحـى المعـاصر، مـن المـكان الخرافـى ماقبـل الفلسـفة الـى العـصر الحديـث، بغـداد: دار ومكتبـه عدنـان.

سـانتيانا، جـورج.(٢٠٠١)، الاحسـاس بالجمال،تر:محمدمصطفـى بـدوى، مهرجـان القـراءه للجميع،٢٠٠١،مكتبـهالاسرة.

سرحان،سـمير،(د.ت) دراسـات في الأدب المسرحي،بغـداد: الـدار الشـؤن الثقافيـة العامـة – افـاق العربيـة، بـت.

صليحـة، نهـاد. (١٩٨٦)، المـسرح بيـن الفـن والفكـر، (الجـزء الأول) القاهـرة: مطابـع الهيئـه المصريـة العامـة للكتـاب.

العامـري، محمـد التهامـي. (٢٠٠٦)، مدخـل لقـراء الفرجة،الربـاط: دار الامـان.

عبـد الحميـد، شـاكر. (٢٠٠١)،التفصيـل الجمالـى فـى دراسـه سـيكلوجيه في التـذوق الفنـى، كويت:عـالم المعرفة،(العـدد٢٦٧).

عبدالوهاب،شكري.(١٩٨٧)،المكان،دراسـة في تاريـخ تطورخشـبةالمسرح، القاهرة:المكتـب العربـى الحديـث.

عبـده، مصطفـى. (١٩٩٩)،فلسـفة الجـمال ودورالعقـل في الابـداع الفنـى. القاهـره: مكتبـة مدبولـى، ط الثـانى، ١٩٩٩.

عبيدى،مهـدى. (٢٠١١)،جماليـات فـى ثلاثيةحنامينه،دمشـق: منشورا تالهيئة العامة سـورية.

كارلسـون، مارفـن. (٢٠١٠)، نضريـات المـسرح، عـرض نقـدى وتأريخـى مـن الأغريـق الـى الوقـت الحـاضر، تـر: وجـدى زيـد، القاهـره: المركـز القومـى للترجمـة.

الكاشـف،مدحت،(٢٠٠٨)، المـسرح والإنسـان، تقنيـات العـرض المعـاصر مـن الملحميـة إلى انثروبولوجياالمـسرح، القاهـرة: الهيئـة المصريـة العامـة للكتـاب.

كروتـوو سـكي، جـيرزي. (د.ت)،نحـو المـسرح الفقيـر، تر،كـمال قاسـم نـادر، بغـداد: دار شـؤن الثقافـة العامـة – أفـاق العربيـة.

كونسـل،كولين. (١٩٩٨)، علامـات الاداء المسرحـي، تـر: امـين حسـين الربـاط، القاهـرة: مطابـع المجلـس الاعـلى للآثار،النـاشر وزاره الثقافـة مركـز الترجمـة واللغـات.

لافـر، جيمـس. (د.ت)، الدرامـا أزياؤهـا ومناظرهـا، تـر: مجـدي فريـد، مـصر: المؤسسـة المصريـة العامـة للتأليـف والترجمـة والطباعـة والنـشر.

لوتمـان، يوري.(١٩٨٨)،جماليـات المـكان، تـر: سـيزا قاسـم واخـرون، داربيضاء:عيـون المقـالات.

مايرخولد،فسـيفولد. (١٩٧٩)، في الفـن المسرحـي، الكتـاب الاول، تـر شريـف شـاكر، بـيروت: دار الفـارابي.

مليكه،لويـس. (١٩٨١)،الديكورالمسرحـي، القاهـرة: مطابـع هيئـة مسرحية العامـة للكتب.

ميليـت، فـردب وجرالـد ايـدس بنتلـى. (١٩٨٦)، فـن المسرحيـة، ت: صدقـي خطـاب بـيروت: دارالثقافـة.

النصير، ياسين. (١٩٨٦)، رواية المكان، بغداد: دارالحريه للطبع.

هلتون،جوليـان. (٢٠٠٠)،نظريـة العـرض المسرحـى، ت: نهـاد صليحة،الشـارقة: هـلا للنشروالتوزيـع.

يوسـف، عقيـل مهـدي،(٢٠٠١)، أسـس نظريـات فـن التمثيل،بنغـازي:دار الكتـاب الجديـد المتحـدة.

## ملخص

عنوان البحث (جمالية المكان في العرض المسرحي), اعتماد مسرحية كاليجولا نموذجا للبحث, يناقش فيه البناء المكاني والمسح التاريخي للتطور العمراني للمسرح من حيث الجمال في الحضارات القديمة والمراحل المختلفة, وتحديد مستويات المكان حسب رؤية واراء المخرج ومن خلال جمالية المسرح, ويتناول مناقشة تغيير مكان النص وتحويله الى مكان الاداء، وتحديد اهمية المكان لدى بعض المخرجين البارزين الذين يبنون مساحة الاداء حسب ارائهم حول جمالية المسرح ودلالاتها. يظهر البحث العلاقة بين المكان والسينوغرافيا وتضارب الاحداث, ويجسد الممثلون المكان من خلال اجراء تغيرات في اجسادهم ة اصواتهم حسب ملاحظات المخرج. يستطيع الفضاء المسرحي ان يخلق مكانا للعرض سواء كان مفتوحا او مغلقا, ويتم انتاج القيمة الجمالية للمكان من خلال سلسلة صور متداخلة. المساحة هي مكان سواء كانت تدركه الحواس أو عن طريق التمثيل العقلي.


كلمات مفتاحيه : الجمال،المكان، العرض المسرحى


## Abstract

The title of the research is (The Aesthetic of Place in Theatrical Performance), adopting Caligula as research model. The research discusses the spatial construction and the historical survey of the urban development of theater in terms of beauty in ancient civilizations and different eras, determining place levels according to director's visions and opinions through theater aesthetic. The research also discusses text place changing and turning it into performance place, determining the importance of place for some prominent directors who build performing space according to their aesthetics views to theater and its implications. The research exposes the relationship between place, scenography, and conflict of events. The actors embody the place by making changes in their bodies and their voices according to the director's notes. The theatrical space can create a place for performance, whether in open or closed areas, and the aesthetic value of the place is produced through a series of overlapping images. Space is a place whether perceived by the senses or by mental representation..


Keyword : estatic ,  place , play theatre